https://doi.org/10.54809/jkss.vi7.291
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# شێوازی زمانی بەهێز و بێهێز لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە

م.محمد حسین احمد
بەشی کیمیا، کۆلێجی زانست، زانکۆی گەرمیان
mohammed.kurdish@garmian.edu.krd

پ.شاخەوان جلال حاجی فرج
بەشی کوردیی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانیی
shakhawan.faraj@univsul.edu.iq

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شێوازی زمانی بەهێز و بێهێز لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە) کار لەسەر دەرخستن و راڤەکردنی شێوازی ئاخاوتنی بەهێز و شێوازی ئاخاوتنی بێهێز ئەکات، بە ئامانجی دۆزینەوەی میتۆد و ڕێبازێکی تیۆریی و کارەکیی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانیی لە کوردیی.
گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە: (ا) چۆنێتیی لێك جیاکردنەوەی شێوازی بەهێز و شێوازی بێهێز روون ئەکاتەوە، کە پەیوەستن بە هەردوو چەمکی «زمانی هێز» (توخم، تەمەن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی) و «هێزی زمان»ەوە (سەرجەم لێهاتوویی و شارەزایی تاك ئەگرێتەوە لە دارشتن و ڕێکخستنی دەربڕینەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش). (ب) بە پێی زانیاریی توێژەر تاکو ئەم مێژووە، ئەو میتۆدە لە زمانی کوردیی بۆ لێك جیاکردنەوەی شێوازی بەهێز و شێوازی بێهێز جێبەجێ نەکراوە.
ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بۆ ناساندنی هێز و دەسەڵات لە زماندا (بنەمایەکی تیۆریی) تەرخانکراوە، هاوکات سەرچاوەی دەستخستنی ئەو هێز و دەسەڵاتە و کاریگەریی لەسەر قایلکردنی وەرگران بە چڕی تاوتوێکراوە. بەشی دووەم بۆ (ستراتیژە زمانییەکانی شێوازی بەهێز و بێهێز) تەرخانکراوە، تێیدا لەو ستراتیژە زمانییانە کۆڵراوەتەوە، کە کەرەستەی سەرەکیی توێژینەوە هاوچەرخەکانن، ئەم ستراتیژانە لە لایەکەوە وەك بنەمای لێك جیاکردنەوە و ناسینەوەی شێوازە بەهێز و بێهێزەکان دەرئەکەون (سەرجەم توێژینەوەکانی زمانی کوردیی لەم بوارەدا پشتیان پێبەستووە)، لە لایەکی ترەوە ئەوەمان سەلماندووە، کە ئەو ستراتیژانە بە تەنها ناتوانن ببن بە بنەما، مەگەر ڕەهەندەکانی دەورووبەر و ژینگە و توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی قسەکەر و وەرگری تیا ڕەچاوبکرێت.
لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لیستی سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزییی خراوەتە ڕوو.

**کلیلەوشە: شێوازی زمانی بەهێز، شێوازی زمانی بێهێز، دەسەڵات، هاوکاریی، ستراتیژە زمانییەکان، قایلکردن.**

Recieved: 7/6/2023
Accepted: 17/6/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## ١) هێز و دەسەڵات (power) لە زماندا (بنەمایەکی تیۆریی)

هەرچەندە هەردوو زاراوەی (دەسەڵات -authority) و (هێز/دەسەڵات -power) لە رووی چەمك و واتاوە تا رادەیەك لە یەکتر جیاوازن، یەکەمیان مۆرکێکی رامیاریی وەرگرتووە و زیاتر لە بواری رامیاریی و کۆمەڵناسیی دا بەکارئەهێنرێت، بەڵام دووەمیان وەك زاراوەیەکی گشتیی لە زۆربەی بوارەکانی تردا (بە بواری کۆمەڵناسیی و سیاسیشەوە) بەکارئەهێنرێت، ئەمە جگە لەوەی، کە زۆرجار وەك دوو زاراوەی هاوواتا دەرئەکەون و جێگەی یەکتر ئەگرنەوە، (هەردوو چەمککە زۆرجار لە یەك کات دا ئامادەن و بە شێوەیەکی هاوبەش کارئەکەن، (authority) دوو واتا لەخۆئەگرێت:

وەك جۆرێك لە جۆرەکانی (power) ناوئەبرێت و پێی ئەوترێت (formal power).

رەگەزە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ ئەگرێت و بە (informal power) ناوئەبرێت، واتە تاکەکان ناتوانن بڕیاری دەسەڵاتداریی بۆ خۆیان بدەن، بەڵکو پێویستییان بە دانپێدانان و قبوولکردن هەیە (Joullie, Jean-Etienne، ٢٠٢١: ٣).

لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی «دەسەڵات» بەرانبەر بە زاراوەی (power)ی ئینگلیزیی بەکارئەهێنین، کە چەمکی (authority)یشی لەژێردا جێ ئەبێتەوە، هاوکات زاراوەکە لە لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییەکان دا جێگەی خۆی کردۆتەوە و لە پێکهاتەی چەندین زاراوەی تری کۆزمانەوانیی دا بەشدارە، وەك (powerful/ powerless language, symbolic power, social power).

لەم بەشەدا تایبەتمەندییە زمانییە تاکگەراییەکان (ئیدیۆلێکت)، کە شێوازێکی قسەکردنی بەهێز یان بێهێز پێکئەهێنن، لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەکرێت. ئەم رەهەندانە بۆ ئەوە بەکارئەهێنرێن، کە چۆن شێوازەکانی قسەکردنی بەهێز و بێهێز وەک هێز و باڵادەستیی و کۆنترۆڵکردن هەستیان پێ ئەکرێت، هەروەها چۆن ئەم شێوازانە لە گۆڕینی هەڵوێستی وەرگرانی پەیامدا بەشدار ئەبن. دەسەڵات و باڵادەستیی و بێهێزی ئەگەڕێتەوە بۆ پێگەی ئاخێوەران، بە پشتبەستن بە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانی پەیوەندییکردن. شێوازە کاریگەرەکان ئەتوانن گوێگران قایل بکەن، کە هەڵوێستەکانیان بگۆڕن، ئەمەش دەرکەوتنی هێز و باڵادەستیی ئاخێوەر لە رێککەوتنی زمانیی دا پیشان ئەدات.

لەم ڕوانگەیەوە پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە، کە چ تایبەتمەندییەکی زمانیی و شێوازیی ئەتوانێت کاریگەریی لەسەر تێڕوانینەکانی وەرگر درووست بکات، بۆ ئەوەی دان بە (کۆنترۆڵکردن، دەسەڵات یان باڵادەستیی)ی ئاخێوەرێك دا بنێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە هەوڵ ئەدەین لە روانگەی کردەی پەیوەندییکردنەوە بابەتەکە شیبکەینەوە. پەیوەندییکردن ئاڵوگۆڕی پەیامەکانە (زارەکیی، نازارەکیی) لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، (کەسێک پەیامێک بەرهەم ئەهێنێت و لەلایەن کەسێک/کەسانێکی ترەوە لێکدەدرێتەوە. بەم پێیە، کاتێك قسەکەران بەهێزن یان باڵادەستن، کە پەیامەکانیان لە لایەن گوێگرانەوە وەک بەهێز و باڵادەست هەستی پێ بکرێت، یاخود گوێگر دەسەڵات و باڵادەستیی بۆ ئاخێوەران بگەڕێنێتەوە) (Hosman, Lawrence in Schulze & Pishwa، ٢٠١٥: ٢٢١)، بەڵام ئەمە لەگەڵ پێناسەکەی کۆمەڵناسیی دیار (Max Weber)دا یەکناگرێتەوە، کە خاوەنی تیۆرییەکی سەربەخۆ بوو، ئەو پێی وایە (دەسەڵات توانای کەسێکە بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەر کەسێك یان کەسانێکی تردا، بە بێ گوێدان بە خواست یان بەرەنگاربوونەوەی کەسی

بەرانبەر. زۆربەی کۆمەڵناسانی پاش ویبەر هەمان بیرۆکەیان وەرگرتووە و لەو باوەڕەیان، کە دەسەڵات بەسەر خەڵکەوەیە و لە بنەڕەتدا بەندە بە پرسی هەژموون و ملکەچبوون و ئازادیی و خۆگرتنەوە (Joullie, Jean-Etienne, ٢٠٢١: ١)، بەڵام بە لای کۆزمانەوانانەوە هەژموون و دەسەڵاتی زۆرەملێ جۆرێکە یان قۆناغێکە لە قۆناغەکانی بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ قایلکردنی ناچاریی، هەروەك سیمۆن (Simon) ئاماژەی پێ کردووە، کە (دەسەڵات لە ڕێگەی ئەزموون و ڕاهێنان و بابەتیبوون و لۆژیکەوە بە دەست ئەهێنرێت، بەڵام ئەگەر ناکۆکییەکان بە ڕێگەی گفتوگۆ و قایلکردن و بەڵگەهێنانەوە چارەسەر نەکرا، ئەوا ئەبێت بە دەسەڵاتی بەشداربوویەك بڕیاری کۆتایی بدرێت) (Joullie, ٢٠٢١: ٣).

ئەکرێت دوو فۆڕمی دەسەڵات جیا بکرێتەوە (Danescu-Niculescu-M. et al, ٢٠١٢: ٢):

یەکەم: جیاوازیی هێز و دەسەڵات لە نێوان (ا) و (ب)دا لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەیە، کە (ا) پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزتر لە (ب)ی هەیە.

دووەم: ئەکرێت جیاوازیی هێز لە ڕێگەی وابەستەیی و پێویستیشەوە سەرهەڵبات: ئەگەر (ب) پێویستیی بە شتێکی (ا) هەبێت، وا ئەکات وابەستەی (ا) ببێت، ئەمە ئەتوانێت بە لانی کەمەوە (ا) هێز و دەسەڵاتێکی کاتی بەسەر (ب)دا هەبێت.

بە گشتیی ئەو کەسانەی دەسەڵاتی کەمیان هەیە، هەماهەنگیی و خۆگونجاندنی زمانیی زیاتر پیشان ئەدەن لە چاو ئەو کەسانەی دەسەڵاتی بەرزیان هەیە. بۆیە کاتێک کەسێک لە دۆخێکدا گۆڕانکاریی بەسەر هێز و دەسەڵاتەکەیدا یەت، ڕەفتاری خۆگونجاندنی ئەگۆڕێت، هاوکات ڕەفتاری ئەو کەسانەی قسەی لەگەڵ ئەکەن ئەگۆڕێت (Danescu-Niculescu-Mizil et al, ٢٠١٢: ٢-٣).

ئەکرێت چەمکی دەسەڵات لە رووی سنوورەوە، بۆ دوو جۆری سەرەکیی دابەش بکەین:

ا- دەسەڵاتی گشتیی: ئەو هێز و دەسەڵاتانە ئەگرێتەوە، کە بەسەر زۆرینە، یان هەموو ئەندامانی کۆمەڵێکدا ئەچەسپێت، وەك کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بوارێکی دیاریکراو، کە سیمایەکی جەماوەریی وەرئەگرن، لە کەسایەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیی (بەختیار عەلی، ئەحمەدی جۆڵا، شێرکۆ بێکەس، م.محەمەدی مەلا فایەقی شارەزووریی، ...).

ب- دەسەڵاتی تایبەتی/ سنووردار: ئەو دەسەڵاتانە ئەگرێتەوە، کە تەنها لە سنوور و بوارێکی دیاریکراودا ئەتوانن کاریگەریی دابنێن، وەك دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێك بەسەر فەرمانبەرەکانیدا، یاخود دەسەڵاتی باوکێك بەسەر منداڵەکانیدا.

پەیوەست بەو باسەوە لە چوارچێوەی کۆزمانەوانیی دا هەردوو زاراوەی دەسەڵات و هاوکاریی زۆرترین مشتومڕی لەسەر کراوە و یەکێکە لە بابەتە ورد و بەهادارەکانی توێژینەوە هەنوکەییەکان، بۆیە بە پێویستی ئەزانین باسێکی وردی هەردوو چەمکەکە بکەین.

## ١/١) دەسەڵات و هاوکاریی (Power and Solidarity)

قسەکردن ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قسەکەر و وەرگرە، بە تایبەتی ئەو دەسەڵات و هاوکارییەی، کە لەو پەیوەندییەدا دەرئەکەوێت. هەردوو زاراوەی (دەسەڵات و هاوکاریی) و چەمکە پەیوەندییدارەکانیان لەلایەن دەروونناسی کۆمەڵایەتیی ڕۆجەر براون ( Roger Brown)هوە لە ساڵی

(١٩٦١)دا خرایە ناو لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانییەوە (Hudson R. A, ١٩٩٦: ١٢٢).

پاش ناساندنی چەمکی (دەسەڵات/ هێز - Power) و هاوکاریی (Solidarity) لە لایەن (Brown) و (Gilman)ەوە، هەروەها پاش لێکۆڵینەوەکانی (١٩٧٢-Friedrich) و (Brown and Levinson-١٩٧٨-١٩٨٧)، داینامیکیی دەسەڵات و هاوکاریی بوون بە رەگەزێکی بنەڕەتیی تیۆرەکانی کۆزمانەوانیی (Tannen, Deborah, ١٩٩٣: ١٦٦)

کاتێك باس لە (دەسەڵات و هاوکاریی) ئەکرێت، پێویستە راستەوخۆ بە پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەوە ببەستینەوە. بە زۆری دەسەڵات پەیوەستە بە هێز و کۆنترۆڵکردن و سەربەخۆیی و درێژکردنەوەی بەشدارییکردنەوە، لە بەرانبەردا هاوکاریی پەیوەستە بەو شێوازەی ئاخاوتنەوە، کە تاك بۆ پەیوەندییکردنی بەوانی ترەوە بەکاری ئەهێنێت. ئەکرێت پراکتیزەکردنی دەسەڵات و هاوکاریی لە رێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە وێنا بکرێت، پەیوەندییەکانی نێوان (دایك و باوك - منداڵ، مامۆستا - فێرخواز، خاوەنکار - کارمەند، ...) نموونەی دەسەڵات و پەیوەندیی ناهاوسەنگیی نێوان تاکەکانە، کە هەندێکیان باڵادەست و هەندێکیش بێهێزن، ئەمەش رەهەندی دەسەڵات درووستی کردووە. لە لایەکی ترەوە پراکتیزەکردنی هاوکاریی برییتییە لە چۆنێتیی پێکهێنانی پەیوەندیی دۆستایەتیی و هاوسەنگیی نێوان تاکەکان، ئەمەش پێی ئەوترێت «پەیوەندیی هاوشێوەیی»، کە هاوکاریی بۆ پیشاندانی یەکسانیی و لێکچوونی پەیوەندیی تاکەکان کاری لەسەر ئەکات (Susanti, Y. E. & Indarti, Yulia, ٢٠١٦: ١٤٥)

دەسەڵات هەمیشە ئاماژەیە بۆ پەیوەندییە ناهاوسەنگەکان، کە ئاخێوەرێك بەسەر ئاخێوەرێکی تردا باڵادەست ئەکات، بەڵام هاوکاریی ئاماژەیە بۆ پەیوەندییە هاوسەنگەکان، کە بە یەکسانیی و لێکچوونی کۆمەڵایەتیی تایبەتمەندن، هەردوو زانا (Brown & Gilman) باس لەوە ئەکەن، کە هەر گفتوگۆیەکی نێوان دوو کەس، یەکێکیان وا بیرئەکاتەوە، کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی ئاخاوتن و هەڵسوکەوتەکانی بەرانبەرەکەی هەیە، چونکە هەردووکیان هەمان ئاستی توانای کارلێککردنیان نییە، یەکێکیان بەهێزترە (Al-Abdely, ٢٠١٦: ٣٧-٣٨)

چەمکی «دەسەڵات» تا رادەیەکی زۆر روونە، بەڵام ناساندن و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی زاراوەی «هاوکاریی» قورس و ئاڵۆزە، بە لای «هدسۆن»ەوە زاراوەکە پەیوەندیی بە مەودای کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانەوە هەیە، واتە تا چ رادەیەك ئەزموون و تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی هاوبەشیان هەیە، وەك: (ئاین، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون، توخم، پیشە، بەرژەوەندییەکان، ...)، هەروەها تا چەند ئامادەیی هاوبەشیکردنی تایبەتمەندییە کەسیی و دەروونیی و ... یان تێدایە (Hudson, R. A, ١٩٩٦: ١٢٢)، هەر لەم روانگەیەوە (Xiaopei) پێی وایە هاوکاریی واتای لێکچوون و لێکنزیکبوونەوە و ئینتیمای نێوان ئەو تاکانە ئەگەیەنێت، کە لە پێڕەوی کۆمەڵیەتیی دا هەست بە یەکسانیی هێز و دەسەڵاتیان ئەکەن. زۆربەی تیۆرییەکانی هاوکاریی، وەك چەمکێکی ئەرێنیی بیر لە «هاوکاریی» ئەکەنەوە، کە سوود بە ئەندامانی کۆمەڵ ئەگەیەنێت و هەستی پێکەوەیی درووست ئەکات، بە وێنە هەرچەندە لە میانی گفتوگۆیەکدا مرۆڤەکان کاردانەوە و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە بابەت/پرسێك جیاواز بێت، بەڵام لە راستییدا بە تەواوی جیاواز نین، ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانی ئاماژەکانی هاوکارییەوەیە، کە تەنانەت لە کاتی

ناکۆکییشدا پارێزگاریی لە لێکنزیکیی و پەیوەندیی نێوان ئاخێوەران ئەکەن (Al-Abdely, ٢٠١٦: ٣٨-٣٩).

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە هەموو ئامازە زمانییەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و هاوکاریی ناڕوونن، (Tannen & Kakava) جەخت لەوە ئەکەنەوە، کە ئاماژە و ستراتیژە زمانییەکانی دەسەڵات و هاوکاریی، نەك تەنها لێڵن (کە روون نین دەسەڵات یاخود هاوکاریی ئەگەیەنن)، بەڵکو فرەواتاشن، چونکە هەندێك جار لە یەك کاتدا هەردوو چەمکەکە (دەسەڵات و هاوکاریی) ئەگەیەنن (Al-Abdely, ٢٠١٦: ٣٨)، بۆ روونکردنەوە و پاساودانی بۆچوونەکە، تانێن دوو نموونە ئەهێنێتەوە Tannen, ١٩٩٣: ١٦٨-١٦٩)):

نموونەی یەکەم: ئەو کەسەی، کە وا دیارە ئەیەوێت بەسەر گفتوگۆکەدا سەربکەوێت و زاڵبێت بەسەر بەشداربوواندا (بەکارهێنانی دەسەڵات)، رەنگە لە راستییدا مەبەستی دامەزراندنی پەیوەندییەك بێت لەگەڵیان (بەکارهێنانی هاوکاریی)، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە هەمان ئامرازە زمانییەکان بۆ ئاماژەدان بە هەردوو چەمکەکە یان یەکێکیان بەکارئەهێنرێت.

نموونەی دووەم: هاوڕێکەت کاتێك پێکەوە لە دەرەوە نان ئەخۆن، هەموو جارێك پارەی نانخواردنی تۆیش ئەیات. ئایا ئەو بەخشندەیە و سامانەکەی لەگەڵتا هاوبەش ئەکات (هاوکاریی)؟ یان هەوڵ ئەیات لایەنی ماددیی خۆیت پیشان بات و بیرت بخاتەوە، کە ئەو لە تۆ دەوڵەمەندترە (دەسەڵات)؟ یەکەمیان هەستێکی خۆش و دووەمیان هەستێکی ناخۆشت پێ ئەیات، ئەستەمە بتوانرێ پاڵنەری راستەقینەی ئەو کارە دیاری بکرێت، چونکە ئەگەر باوەڕی تەواویشت بە بەخشندەیی هاوڕێکەت هەبێت، ئەوا ئەبێت بزانیت، ئەو پاڵنەرەی بەخشندەیی پێ بەخشیوە، بەڵگەیە لەسەر دەوڵەمەندیی ئەو، ئەوەش بە بیری تۆ ئەهێنێتەوە. کەواتە هەردوو لێکدانەوەکە بە یەك جار بوونیان هەیە.

لە زمانی کوردیی و پەیوەست بە کلتووی کوردییەوە نموونەی ئەم بارانە زۆرە، بە وێنە کاتێك دایکێك بە کوڕە هەرزەکارەکەی ئەڵێت:

١. کتێبەکانت.

٢. کوڕ: باشە دایکە گیان.

رەنگە دایکەکە مەبەستی بەکارهێنانی دەسەڵات بێت بۆ فەرمانکردن بە کوڕەکەی، کە بخوێنێت، یان کتێبەکانی لە ژوورەکە کۆبکاتەوە، هاوکات رەنگە مەبەستی هاندان و دڵسۆزیی و هاوکاریی کوڕەکەی بێت بۆ ئەوەی بخوێنێت و ئەنجامی باش بەدەست بهێنێت (هاوکاریی).

لەسەر بنەمای هەردوو ئاراستەی دەسەڵات و هاوکاریی، تیشك ئەخەینە سەر شێوازی ئاخاوتنی بەهێز و بێهێز و چەمك و بواری کارکردنیان روون ئەکەینەوە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ستراتیژە زمانییەکانی هەریەك لەو دوو شێوازە.

٢/١) شێوازی بەهێز (powerful style) و شێوازی بێهێز (powerless style)

ئەو فۆرمە زمانییانەی، کە قسەکەران بۆ ئاخاوتن و گفتوگۆ بەکاری ئەهێنن، واتای کۆمەڵایەتیی

و کلتووریی جیاواز ئەگەیەنن، وەک جۆری پەیوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر یان هەڵوێستیان بەرانبەر بە یەکتر. لەم باسەدا ستراتیژ و رەگەزە سەرەکییەکانی شێوازی ئاخاوتنی (بەهێز) و (بێهێز) دەستنیشان ئەکەین، لەگەڵیدا بەها کۆمەڵایەتیی و کلتوورییەکانی هەریەك لەو دوو شێوازەش روون ئەکەینەوە.

دیارترین لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە (کاریگەریی هێزی شێوازەکانی ئاخاوتن) لە لایەن (William O'barr) و هاوکارانییەوە بەجێهێنراوە. سەرەتای کارەکانیان بریتیبوو لە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە نووسراوەکانی هۆڵی دادگا، پاش شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی شێوازی ئاخاوتنیان، تێبینیی ئەوە کرا، کە ئەو ئاخێوەرانەی پێگەیەکی بێهێزیان هەیە (وەك تۆمەتباران)، رێژەیەکی زۆر لە فۆرمەکانی وەك (پەرژین، وەستانی دوودڵیی وەك: ئـ ...، ئێ، ئم..، چڕیی (intensifiers)، دەستەواژەکانی وەك (بە راستیی، بە دڵنیاییەوە، ...)، کە هێزی بەیانکردن زیاد ئەکەن، فۆرمی بەرێزانە، ئەو دەربڕینانەی، کە ئاماژەن بۆ هاوەڵکارەکانی کات و شوێن و بارودۆخ) بەکارئەهێنن، بەڵام ئەو ئاخێوەرانەی، کە دەسەڵاتی هۆڵی دادگایان بەرزترە (وەك دادوەر و پارێزەر)، رێژەیەکی کەمتری ئەو دەستەواژە زمانییانە بەکارئەهێنن. توێژینەوەکە دەریخست، کە ئەو ئاخێوەرانەی شێوازی بێهێز بەکارئەهێنن، کەمتر باڵادەست و باوەڕپێکراون، هاوکات لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە کەمتر سەرنجراکێشن، بە بەراورد بەو کەسانەی، کە شێوازی بەهێز بەکارئەهێنن. ئەم دەرئەنجامە ئەوەی پیشاندا، کە ئەتوانرێت لە رێگەی شێوازی ئاخاوتنەوە دەسەڵات و هێزی ئاخێوەر دەستنیشان بکرێت (بڕوانە: Hosman, Lawrece in Schulze and pishwa, ٢٠١٥: ٢٢٣)

بە بڕوای هەندێك لە توێژەران رەهەندەکانی (دەسەڵات و هاوکاریی) لە بنەڕەتدا لە شێوازی زمانی ژنان و پیاوانەوە سەریهەڵداوە، کە ستراتیژە زمانییەکانیان بۆ دەرخستنی بەهێزی یان بێهێزیی تاك بەکارهێناوە، بە وێنە توێژینەوەکەی (West and Zimmerman-١٩٧٥) ئاماژەی بەوە کردووە، کە پیاوان ئارەزووی بەکارهێنانی باڵادەستیی و راستەوخۆدەربڕین و کۆنترۆڵکردن ئەکەن، لە کاتێکدا ژنان زیاتر ئاماژەکانی (دوودڵیی و ناڕاستەوخۆیی و سۆزداریی و نادڵنیایی) بەکارئەهێنن (Susanti, Y. E. & Indarti, Yulia, ٢٠١٦: ١٤٥).

رۆبن لاکۆف (Robin Lakoff) یەکێکە لە دیارترین ئەو توێژەرانەی، کە کاری لەسەر ستراتیژ و تایبەتمەندییە زمانییەکانی ژنان کردووە و لە چەند خاڵێکدا کۆی کردۆتەوە، ئەوەشی خستۆتە روو، کە هەرچەندە ئەم تایبەتمەندییانە رێژەیین (واتە پیاوانیش بەکاریان ئەهێنن، بەڵام بە رێژەیەکی کەمتر)، بەڵام ژنان لە ژینگەیەکی فراوانتری دەروونیی و زمانیی و کۆمەڵایەتیی دا بەکاریان ئەهێنن، لەو تایبەتمەندییانەش (Burrel, Nancy A. & Koper, Randal J. in Preiss & Allen, ١٩٩٨: ٢٠٤):

١- دانە وشەییەکان (vocabulary items): بە وێنە ژنان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندتری «رەنگ» یان هەیە، بەراورد بە پیاوان.

٢- هاوەڵناوە بەتاڵەکان (empty adjectives): بە وێنە ژنان زیاتر سیفەتەکانی وەك (نازدار، شیرینەکەم، ئیلاهی، خوایە، ...) بەکارئەهێنن.

٣- فۆرمەکانی پرسیارکردن (question forms): زیاتر لە لایەن ژنانەوە بەکارئەهێنرێن، چ بە شێوەی پرسیاری ئاسایی، یان بە شێوەی کلکەپرسیار.

٤- فۆرمی بەرێزانە (polite forms): فۆرمەکانی (تکایە، ببورە، بێ زەحمەت، بە یارمەتییت، ...) زیاتر لە لایەن ژنانەوە بەکارئەهێنرێن.

٥- پەرژین (hedge): ژنان زیاتر ئەم فۆرمانە بەکارئەهێنن، وەك نمونەی خوارەوە:

٣) پێم وایە/ خۆت ئەزانییت/ وا ئەزانم کارەکەتان سەرناگرێت.

٦- چڕکردنەوە (intensives): ژنان زیاتر وشە و دەستەواژەکانی وەك (ژمارەیەکی زۆر/ بەرچاو، بە راستیی، زۆر، ...) بەکارئەهێنن.

٧- پەیوەستبوون بە یاسا ڕێزمانییەکانەوە: ژنان زیاتر پەیوەستن بە یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکانەوە وەك لە پیاوان.

پاش کارەکانی لاکۆف، کۆمەڵێك تایبەتمەندیی و جیاوازیی زمانیی تر لە دەرئەنجامی توێژینەوەکانەوە بەدەست هاتن، لەوانەش:

١- پیاوان لە وەڵامدانەوەدا راستەوخۆ ئامۆژگاریی ئەیەن بە بەرانبەر، بەڵام ژنان بە ناڕاستەوخۆ (Al-Abdely، ٢٠١٦: ٣٩).

٢- توێژینەوەیەکی (Kramarae & Treichler) دەریخستووە، کە توخمی مێ زیاتر ئارەزووی پشتگیرییکردنی هاوڕێکانیان ئەکەن و گفتوگۆی هاوبەشیان هەیە، بەڵام پیاوان ئارەزووی شارەزایی تاکگەرایی و پێشکەشکردنیان هەیە (Fiksdal, Susan in Kristiansen and Dirven، ٢٠٠٨: ٤٢٣).

٣- توێژینەوەیەکی (Remlinger & Bergvall) دەریخستووە، کە پیاوان زیاتر رەفتارە گاڵتەجاڕییەکان بەکارئەهێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژنان یان پیاوان (Fiksdal, Susan in Kristiansen and Dirven، ٢٠٠٨: ٤٢٣).

٤- نێرینەکان زیاتر ویستی بەکارهێنانی تابۆی زمانیی و وشە بەهێزە نێگەتیڤەکانی وەك (جنێو و شتە پیسەکان)یان، بە پێچەوانەوە مێینەکان زیاتر ویستی بەکارهێنانی وشە نەرم و سۆزدارییەکانیان هەیە (حاجی فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ١٣٩)، ئەم تایبەتمەندییە لە کارەکانی لاکۆف دا بە وردیی باسکراوە١.

٥- بە پێی توێژینەوەیەکی (١٩٧٥-West & Zimmerman)، پیاوان زۆر زیاتر قسە بە ئافرەتان ئەبڕن، بە بەراورد بە قسەپێبڕینی پیاوان لە لایەن ژنانەوە (Krauss, R. M. & Chiu, C.-Y، ١٩٩٨: ٥٠).

٦- بە پێی توێژینەوەیەکی بەختیار(٢٠٠٢-Baxter)، کە لەسەر ئاستی خوێندنگەیەکی ناوەندیی دا بەجێیهێنابوو، دەرکەوت، کە کچان (بە بەراورد بە کوڕان) زیاتر خۆیان لەگەڵ (یاساکانی هاوکاریی-rules of collaboration)دا ئەگونجێنن (Fiksdal, Susan in Kristiansen and Dirven، ٢٠٠٨: ٤٢٣).

٧- لە رووی فۆنەتیکییەوە ژنان زیاتر دان بە دەنگ و فۆنیمەکاندا دەنێن و بە بەراورد بە پیاوان روونتر دەریئەبڕن (Krauss, R. M. & Chiu, C.-Y، ١٩٩٨: ٥٠) (Suppes, Alexandra in Schulze & Pishwa، ٢٠١٥: ١٩٠).

١ – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە و شیکردنەوەی نموونەکان بە پێی تیۆری دەوروبەر لە زمانی کوردییدا بڕوانە: (حاجی فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ١٣٩–١٤٨).

٨- (١٩٨٨-Dovidio, Brown, Heltman, Ellyson) و هاوکارانیان لە توێژینەوەیەکدا بۆیان دەرکەوت، پیاوان لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە نێرینەوە هەیە زیاتر دەسپێشخەریی ئاخاوتن ئەکەن و زۆرتریش قسەی لەبارەوە ئەکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندییان بە توخمی مێینەوە هەیە، ژنان زووتر دەستپێشخەریی بەشدارییکردن ئەکەن و زۆرتریش قسەی لەسەر ئەکەن. ئەو بابەتانەش، کە بێلایەنن، پیاوان زووتر دەستپێشخەریی ئەکەن و زۆرتر قسەی لەبارەوە ئەکەن (Krauss, R. M. & Chiu, C.-Y، ١٩٩٨: ٥٣).

٩- دەربڕینەکانی ژنان زیاتر بەرزیی و نزمیی دەنگی (vocal pitch)ی تیایە، وەك لە پیاوان، ئەم تایبەتمەندییە لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا پێوانەیی و جێمتمانەیە (Suppes, Alexandra in Schulze & Pishwa، ٢٠١٥: ١٨٩).

(Baird)یەکەمین توێژەر بوو، کە لە ساڵی (١٩٧٦)دا جیاوازیی توخمیی لە پێواژۆی پەیوەندییکردندا وەك شوناسی کۆمەڵایەتیی بە بنەماکانی دەسەڵاتەوە بەستەوە، ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ هاندانی نێرینە بۆ سەربەخۆبوون و، ئاراستەکردنی ئەرك و وەرگرتنی سەرکردایەتیی، لە بەرانبەریشدا وا پیشاندرا، کە مێینە توانای کێبڕکێیان نییە و خاوەنی کەسێتییەکی نەرێنیی و شوێنکەوتن. بە درێژایی چەندین ساڵ و بە پێی دەرئەنجامی چەندین توێژینەوەی زانستیی، توخم وەك پیشاندەری (هێز) ناسێنراوە (Craig, Traci et al in Schulze and Pishwa، ٢٠١٥: ٢٠٧).

بە گشتیی دوو هۆکاری جیاوازیی نێوان ئاخاوتنی نێر و مێ جیاکراوەتەوە:

لایەنی بایۆلۆجیی: جگە لەوەی رێڕەوی دەنگیی تاکەکان بە گشتیی لە یەکتر جیاوازن، جیاوازییەکی تایبەتییش لە نێوان ئەندامەکانی ئاخاوتنی نێر و مێدا هەیە، ئەمەش ئەبێتە هۆی جیاوازیی تاکگەرایی لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا.

لایەنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییی و کلتوور و دەوروبەر: ئەمەش پەیوەندیی بە پێوەر و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کە ئەبنە سەرچاوەی گۆڕانکاریی لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی نێر و مێدا، جیاوازییەکەش لە سەرجەم ئاستەکانی وشەسازیی و رێزمان و تەنانەت دەنگسازییشدا رەنگ ئەیاتەوە، بە وێنە ژنانی ژاپۆنیی بە تێکڕایی تۆنێکی دەنگیی بەرزتر لە ژنانی ئەورووپایی بەکارئەهێنن (بڕوانە: Suppes in Schulze & Pishwa، ٢٠١٥: ١٩١) (Krauss & Chiu، ١٩٩٨: ٣٢)

لەمەوە بۆمان روون ئەبێتەوە، کە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان و بە تەواوی بەناویەکدا چوون و لێکجیاکردنەوەیان ئاڵۆز و ئەستەمە، بۆ نمونە ئەگەر جیاوازییە زمانییەکانی نێوان نێر و مێ لە سەرجەم کاریگەرییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان و تەمەن دابڕین، رێژەیەکی زۆر کەمی جیاوازیی ئەمێنێتەوە، ئەمە بۆ گۆڕاوەکانی تریش هەر راستە. جیاوازیی دەنگیی، وەك تاکە جیاوازییەکی جیاکردنەوەی توخم رۆڵ ئەگێڕێت، بەڵام توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە ئەکرێت دەنگسازییش لە ژێر کاریگەریی پێگەی کۆمەڵیەتییدا بێت، بە وێنە (ژنانی ژاپۆنی بە شێوەیەکی نەریتیی لە دۆخی فەرمییدا تۆنی دەنگیان زیاتر بەرز ئەکردەوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا شارەزایان ئاماژە بەوە ئەکەن، کە تێکڕای فریکوێنسیی بنەڕەتیی قسەکردنی ژنان دابەزیوە، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ گۆڕانەکانی پێگەی کۆمەڵایەتییی ژنان)

(Krauss & Chiu, ۱۹۹۸: ٥٠)، هەروەها جیاوازییە بایۆلۆجییەکانی ئەندامی ئاخاوتنی نێر و مێیش ستانداردێکی جیهانیی نییە، بە وێنە یەکێك لە جیاوازییە دیارەکانی ئاخاوتنی نێر و مێ بۆ جیاوازیی قەبارەی کۆئەندامی نێر و مێ ئەگەڕێنرایەوە، ئەمەش باوەڕێکی گشتیی شارەزایان بوو، بەڵام (توێژەران لە کۆریادا جیاوازیی دەنگیی نێوان نێر و مێیان بە ئاراستەی پێچەوانە دۆزییەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە، کە جیاوازییەکە سۆسیۆفۆنەتیکی»sociophonetic»یە نەك تەنها بایۆلۆجیی (Suppes in Schulze & Pishwa, ۲۰۱٥: ۱۹٠).

کارەکانی «لاکۆف» (کە لەم وەچەپارەدا ئاماژەی پێ درا)، هێڵێکی بنەڕەتیی بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ بۆ (William O'barr) و هاوکارانی رەخساند، کە توانییان بۆ ماوەی (١٥٠) کاتژمێر چاودێریی شێوازی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی هۆڵی دادگا بکەن. دەرئەنجام گەیشتنە ئەوەی، کە ژنان شێوازێکی ئاخاوتنی تایبەتییان نییە، بەڵکو هاوشێوەییەك لە تایبەتمەندییەکانی هەردوو رەگەزدا هەیە. داتاکانی هۆڵی دادگا ئاماژەیان بەوە ئەکرد، کە گۆڕانکاریی لە شێوازی ئاخاوتنی ژنان دا زیاتر پەیوەندیی بە دەسەڵات و هێزی کۆمەڵایەتییی(social power)هوە هەیە نەك (توخم) (Burrel & Koper, ۱۹۹۸: ۲٠٤)، پێشتر لاکۆف خۆیشی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (Language and women's place -۱۹۷٥) گریمانەی ئەوەی کردبوو، کە ژنان بە شێوەیەکی سیستماتیکیی وا قسە ئەکەن، کە شوێنکەوتەیی و نزمیی پێگەی کۆمەڵایەتییی خۆیان زیاتر بسەلمێنن (Suppes in Schulze & Pishwa, ۲٠۱٥: ۱۸۷). لەم روانگەیەوە (O'barr) و هاوکارانی زاراوەی (زمانی ژن- women's language)یان بە زاراوەی (زمانی بێهێز- powerless language) یاخود (شێوازی زمانی بێهێز- powerless style language) گۆڕیی. بەو پێودانگە بەکارهێنانی زیاتری شێوازی بێهێز لە لایەن ژنانەوە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە ژنان ئارەزووی وەرگرتنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتییی نزمتر ئەکەن لەچاو پیاوان دا (Burrel & Koper, ۱۹۹۸: ۲٠٤). بەمەش سنووری واتای زاراوەکە فراوانتر بوو، هاوکات لە رێگەیەوە ئەتوانرێت باشتر سیما و تایبەتمەندییە زمانییەکان لێك جیابکرێتەوە، واتە ئەبێت جیاوازیی شێوازەکانی ئاخاوتن لەسەر بنەمای پێگە و پلەوپایە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییی بێت نەك «توخم».

زمانی بێهێز لە کۆزمانەوانییی دا شێوازی زمانیی ئەو ئاخێوەرانە ئەگرێتەوە، کە خاوەنی دەسەڵات و پێگەیەکی کۆمەڵایەتییی نزمترن لە کۆمەڵدا، بەوەش دەناسرێنەوە، کە زیاتر فۆرم و ستراتیژە بێهێزەکانی وەك (پەرژین، کلکەپرسیار، دوودڵیی وەك: ئـ...، ئم...، ئێ... ...) بەکارئەهێنن (Craig et al in Schulze and Pishwa, ۲٠۱٥: ۲٠۷).

ئەگەر بە شێوەیەکی ورد و زانستیی لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە جیاوازییە زمانییەکانی نێوان نێر و مێ بڕوانین، ئەبینین زۆرجار کارێکی ئاڵۆز و ئەستەم ئەبێت و دەرئەنجامێکی زانستیی نابێت[2]، چونکە ئەو جیاوازییانە (هەمیشە تێکەڵ بە هۆکارەکانی تری وەك: دۆخە دەوروبەریی و کۆمەڵایەتییەکان، رۆڵی تاك لە ئاراستەکردنی ئەو دۆخانە، شوناسی تاك، ... ئەبێت) (Krauss & Chiu,

٢ – لە زمانی کوردیشدا دوو نامەی ماستەر لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە، بۆ زانیاریی لە بارەی رێبازی کارکردنیان و ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتوون، بڕوانە: (ا– محەمەد، پێشکەوت مەجید، ۲٠۱۳) ب– (ئیبراهیم، شیلان رەحیم، ۲٠٠٤).

١٩٩٨: ٤٩-٥٠)، بۆیە بەشێکی زۆری توێژینەوەکانی ئەم دواییە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە شێوازی بەهێز و بێهێزی ئاخاوتن پەیوەندییان بە (شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ)وە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە لێهاتوویی و چۆنێتی دەربڕینی شێوازە سەرنجڕاکێش و کاریگەرەکانەوە هەیە، (Bradac) و هاوکارانی لێکۆڵینەوەیەکیان لەم بارەیەوە کرد، هیچ پەیوەندییەکیان لە نێوان (شێوازی ئاخاوتنی بەهێز/ بێهێز) لەگەڵ (شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ)دا نەدۆزییەوە، هەروەها هەردوو توێژەر (Wilcox & Berryman) گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە لە کردەی پەیوەندیکردندا ئەستەمە جیاوازییە راستەقینەکانی توخم لەگەڵ بیروباوەڕ و کلتوور و تێڕوانینە باوەکانی ناو کۆمەڵ جیابکرێتەوە (Burrel & Koper, ١٩٩٨: ٢٠٥-٢٠٦)، هەر لەو بارەیەوە، توێژینەوە ئەزموونییەکەی (Leaper & Ayres - ٢٠٠٧) بۆچوونەکەی بەهێزتر کرد، تێیدا گەیشتنە ئەوەی، کە کاتێك هەموو رەگەز و فاکتەرەکانی تر یەکسان ئەبن، پێکداچوون (overlap)ێکی زۆر لە جیاوازیی چۆنێتیی قسەکردنی هەردوو توخمدا درووست ئەبێت (Suppes in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ١٨٨).

چەمکی هێز و دەسەڵات لە خۆیدا بۆ چەند قۆناغێك دابەش ئەبێت، بە واتایەکی تر پراکتیزەکردنی دەسەڵات پێویستی بە سێ پلە و قۆناغ هەیە بۆ ئەوەی جێگیر بکرێت، هاوکات لای ئەوانی تر پەسەندکراو و سەلمێنراو بێت ، قۆناغەکانیش بریتین لە: (١) توانای بەجێهێنانی کارێك. (٢) توانای کارتێکردن لەوانی تر بەو کارە. (٣) توانای قایلکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تر (بڕوانە: کەریم، رزگار ئیسماعیل، ٢٠١٧: ٤٨، محمود، منال طلعت، ٢٠٠٢: ٥٥-٥٦)، ئەوەی پێشتر باسکرا لە قۆناغی یەکەمدا بەرجەستە ئەبێت، کە دارشتنی شێوازی زمانیی تاکە. قۆناغی (دووەم و سێیەم) کاریگەریی و قایلکردن، بڕیار لەسەر توانا و هێز و دەسەڵاتی ئاخێوەر و رادەی سەرکەوتنی لە گەیاندنی پەیامەکانیدا ئەیەن، بۆیە بە پێویستی ئەزانین لە خوارەوە باسێکی پوختی کارتێکردن و قایلکردن وەك بەشێك لە هێز و دەسەڵاتی ئاخێوەر بخەینە روو.

## ٣/١) کاریگەریی و قایلکردن وەك بنەمای دەسەڵات

زمان یەکەمین ئامرازی گوزارشتکردنە لە بیر و هەستەکانی تاك، بۆ ئەوەی بتوانێت کردەی کارتێکردن و قایلکردنی ئەوانی تر بەدەست بهێنێت. دەستەواژەکانی سەرەتا و دەستپێك لە ئاخاوتن/ نووسیندا، ئەبێتە هەنگاوێکی گرنگ لە سەرخستنی پێواژۆکەدا، هەڵبژاردنی وشە و رستەی سەرنجڕاکێش و کاریگەریش، قایلکردن مسۆگەر ئەکات.

یەکێك لەو رێگا سەرەکییانەی، کە پێمان ئەڵێت بۆچی هەندێك هەوڵی قایلکردن سەرکەوتوو ئەبن و هەندێکی تر سەرکەوتوو نابن بریتییە لە شێوازی بەکارهێنانی زمان (Craig et al in Schulze and Pishwa, ٢٠١٥: ٢٠٠).

ئامانجی قایلکردن هەمان ئامانجی دەسەڵاتە، کە گۆڕینی هەڵوێست و رەفتاری بەرانبەرە، بنەمای سەرەکیی قایلکردنیش بریتییە لە توانای بەرزکردنەوەی متمانە، ئەمە جگە لە هۆکارەکانی تری وەك تایبەتمەندیی بەشداربووان و متمانەپێکراوی سەرچاوەکان و هۆشیاریی و زیرەکیی گوێگران و ...

(Pishwa, Hanna in Schulze and Pishwa، ٢٠١٥: ١٣٩).

دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی قایلکەر کارێکی ئاسان نییە، (Halmari & Vertanen) پێیان وایە هەموو زمانێك ئەتوانرێت وەك زمانی قایلکەر لێی بڕوانرێت، بەڵام توێژینەوەکان ئاماژە بەوە ئەکەن، کە مەرج نییە هەموو رەگەز و شێوازێکی زمانی بتوانێت هێزی قایلکردن زیاد بکات. (Hosman) تیشك ئەخاتە سەر رەگەزەکانی توانای قایلکردن لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا (فۆنۆلۆجیی، رستەسازیی، فەرهەنگ)، پێی وایە داڕشتەی رستەکانی (بکەرنادیار، نەرێ، ئاڵۆز) کەمتر قایلکەرن بە بەراورد بە رستەکانی (بکەردیار، ئەرێ، سادە)، چونکە پرۆسێسکردنیان لەچاو هاوتاکانیاندا قورسترە، هەروەها هۆسمان زۆر داڕشتەی تری دۆزییەوە، کە لە رووی مەعریفییەوە زیاتر قایلکەرن، وەك هەمەجۆریی وشە و زاراوەکان و فرەواتایی (Pishwa in Schulze and Pishwa، ٢٠١٥: ١٣٩).

(Ng & Bradac) ئاماژە بەوە ئەکەن، کە ئاخاوتنی ئاخێوەران قایلکەرترە تا ئەو کاتەی شێوازی زمانییان لەگەڵ شێوازی زمانیی وەرگراندا یەك ئەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئاخێوەر فۆرمێکی باڵاتری زمانی هەڵببژێرێت، ئەتوانێت رادەی قایلکردنیش زیاتر بکات (Craig et al in Schulze and Pishwa، ٢٠١٥: ٢١٠)، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە شێوازی ئاخاوتنی بەهێز پەیوەندیی بە کردەی قایلکردنەوە هەیە، هەرچەندە ئەم بابەتە پرسیارێکی شێلگیرانەیە و پێویستە بە توێژینەوەی زانستیی یەکلایی بکرێتەوە. لەم روانگەیەوە چەند توێژینەوەیەك ئەخەینە روو (Hosman, Lawrence in Schulze & Pishwa، ٢٠١٥: ٢٢٨):

یەکەمین توێژینەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەلایەن (Gibbons) و هاوکارانیەوە بەجێهێنرا، وتارگەلێکی قایلکەریان نووسییەوە، تییدا ئەو پەیامەیان بە فێرخوازان گەیاند، کە لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا ناچارین، وتارەکان بە هەردوو شێوازی بەهێز و بێهێز بنووسین. پاش خوێندنەوەی وتارەکان لە لایەن بەشداربووانی توێژینەوەکەوە دەرکەوت، کە هەردوو شێوازی بەهێز و بێهێزی وتارەکان وەکو یەك کاریگەرییان لەسەر هەڵوێستی بەشداربووان هەبووە. بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی دواتر بە وێنە (Sparks et al، ١٩٩٨)، (Holtgraves and Lasky، ١٩٩٩)، (Hosman et al، ٢٠٠٢)، (Blankenship and Holtgraves ٢٠٠٥)، (Areni and Sparks، ٢٠٠٢)، (Sparks and Areni، ٢٠٠٨) ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئەو ئاخێوەرانەی شێوازە بەهێزەکان بەکارئەهێنن وەک کەسێکی باوەڕپێکراوتر و بەهێزتر ئەبینرێن لە چاو ئەوانەی، کە شێوازێکی بێهێز بەکارئەهێنن، لەوانە ئەنجامی ئەم توێژینەوانە دەریخست، کە جگە لەوەی شێوازی بەهێز زیاتر قایلکەرە، ئەوەشی روونکردەوە، کە شێواز دەتوانێت کاریگەرییەکی کۆنترۆڵکەری لەسەر هەڵوێستی وەرگری پەیامەکە هەبێت.

وێنەی گشتیی توێژینەوەکان لە بارەی قایلکردنەوە ئەوەمان پێ ئەڵێت، کە هیچ رەگەز و ستراتیژێکی زمانیی تایبەت بوونی نییە، کە لە هەموو بارودۆخێکدا هێزی قایلکردنی هەبێت (Pishwa in Schulze and Pishwa، ٢٠١٥: ١٤٠)، ئەمەش بەو واتایە یەت، کە پێویستە سنووری لێکۆڵینەوەکان تەنها لەسەر لایەنی زمانیی قەتیس نەکرێت و بارودۆخ و دەورووبەری نازمانییش بگرێتەوە، بە وێنە فۆرمێکی بەرێزانەی وەك نموونەی (٤) ئەکرێت بە هۆی پێگە و پلەوپایە و هەڵوێستی ئاخێوەر و وەرگر و ژینگەی

نازمانیی و ...، واتای تری وەك (سەرزەنشتکردن، تانەلێدان، ...) بگەیەنن نەك ڕێزلێگرتن، بەمەش هێزی قایلکردن گۆڕانی بەسەردا یەت:

## ٤. بە یارمەتییت، ئەتوانم قسە بکەم.

ئەگەر نموونەی (٤) لە لایەن کەسێکی پلەباڵای وەك بەرپرس، یان دادوەرێکەوە ئاراستەی کەسێکی پلەنزمی کۆمەڵایەتییی بکرێت، ئەوا مەرج نییە مەبەستی ڕێزگرتنی تێدا بێت، بەڵام ئەگەر ئاراستەی رستەکە بە پێچەوانەوە بوو، ئەوا بێگومان مەبەستی ڕێزپیشاندان ئەگرێتەوە.

جێی باسە قبوولکردن و رەزامەندیی و ملکەچبوونی خەڵك بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی قسەکەر، مەرجێکی سەرەکییی دامەزراندنی هێز و دەسەڵاتە، ئەم لایەنەش وەك دیوێکی تەواوکارییە لەگەڵ کردەی قایلکردندا. لەم بارەیەوە (Barnard) پێداگیریی لەوە ئەکات، کە دەسەڵات لەسەر بنەمای وەرگرانە نەك ئاراستەکەرانی پەیام، بۆیە زۆرجار تیۆرییەکەی بە (تیۆریی قبولکردن یان رەزامەندیی دەسەڵات- acceptance or consent theory of authority) ناوئەبرێت. بارنارد لە کردەی پەیوەندییکردندا چوار مەرجی بنەڕەتیی بۆ قبوولکردنی دەسەڵات لە لایەن وەرگرەوە داناوە، کە ئەبێت لە یەك کاتدا هەموو مەرجەکان جێبەجێ کرابێت (Isomura, Kazuhito, ٢٠٢١: ٣٩):

بتوانێت لە پەیوەندییەکە تێبگات.

پێی وابێت لەگەڵ ئامانجی گشتیی گروپ و کۆمەڵەکەیدا یەك ئەگرێتەوە.

پێی وابێت بە گشتیی لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا یەك ئەگرێتەوە.

لە رووی دەروونیی و جەستەییەوە توانای پابەندبوونی بە پەیام یان بڕیارەکەوە هەبێت.

ئەکرێت لە لایەن خەڵکەوە دەسەڵاتی تاك پێشێلبکرێت، واتە مەرج نییە هەموو فەرمان و داوایەکی تاکی باڵادەست (وەك دەسەڵاتی میری، پێگەی کۆمەڵایەتیی و ئاینی، ڕێکخراوی حیزبی و مەدەنی) راستەوخۆ جێبەجێبکرێت، ئەمەش بەو واتایە نییە، کە کۆمەڵ هیچ یاسا و ڕێسایەکی یاسایی و کۆمەڵایەتیی پەیڕەوناکەن و هەمیشە سەرپێچیکارن، بەڵکو بە پێی تایبەتمەندیی و بارودۆخی تایبەتیی خۆیان، بڕیار لەسەر ئەوە ئەیەن، کە کام لەو یاسایانە پەیڕەو بکەن و کامیان پشتگوێبخەن، بۆیە دەوترێت زۆرجار دەسەڵات لە پراکتیکدا بێدەسەڵاتە. بەم پێودانگە ئەکرێت بڵێین ئەوانە سەرچاوەی دامەزراندنی دەسەڵات نین، کە یاسا و فەرمان دەرئەکەن، بەڵکو ئەو تاکانەن، کە فەرمانەکە قبوڵئەکەن و لەو ڕێگەیەشەوە دەسەڵات دائەمەزرێنن، یان ڕەتی ئەکەنەوە.

لە بەشی دواتردا (ستراتیژە زمانییەکانی پەیوەست بە شێوازی بەهێز و شێوازی بێهێز) ئەخەینە روو، بە مەبەستی دۆزینەوەی جیاوازی و تایبەتمەندییە زمانییەکانی هەریەك لەو دوو شێوازە. سەبارەت بە زاراوەی (ستراتیژ- Strategy)یش، لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (Strategia) یۆنانییەوە هاتووە، دوو واتای گەیاندووە: (١) هونەری جەنگکردن- The art of war). (٢) پلان و تاکتیك (Tactic) (کریم، ئاسۆ عبدالرحمن، ٢٠١٩: ٣٨)، زراوەکە لە سنووری کۆزمانەوانییدا واتایەکی تایبەتی وەرگرتووە، کە بە بڕوای

«تانێن» بریتییە لە شێوازێكی قسەكردن (Tannen, ١٩٩٣: ١٨٤)، (Gumperz) تێبینی ئەوە ئەكات، كە ستراتیژە زمانییەكان نائاگایی (unconscious) نین، بەڵكو ئۆتۆماتیكی گوزارشتیان لێئەكرێت، ئاخێوەران بە شێوەیەكی تایبەت قسە ئەكەن، بە بێ ئەوەی (ئاگادارانە) بیری لێبكەنەوە، بەڵام لە چۆنێتی و چییەتی ئاخاوتنەكانیان ئاگادارن، بۆیە كاتێك پرسیاری چۆنێتی دەربڕینەكانیان لێبكرێت ئاگادارن و ئەزانن چۆن گوزارشتەكانیان ڕێكخستووە (Tannen, ١٩٩٣: ١٨٤).

## ٢) ستراتیژییە زمانییەكانی شێوازی بەهێز/ بێهێز

لە بەشی پێشوودا ئەوە سەلمێنرا، كە مەرج نییە، ئەو فۆرم و ستراتیژانەی، كە زیاتر لە ئاخاوتنی ژناندا بەكارئەهێنرێن، بە زمان/شێوازی بێهێز هەژماربكرێت، واتە توخم پێوەری بەخشینی دەسەڵاتی كۆمەڵایەتیی نییە، بەڵكو پێگە و پلەوپایەی كۆمەڵایەتیی و ژینگە و دەوروبەری زمانی و نازمانی بڕیار لەسەر بەهێزی/ بێهێزی شێوازی ئاخاوتنی تاكەكان ئەیەن. تانێن لەو باوەڕەدایە، كە (مرۆڤ ناتوانێت سەرچاوەی باڵادەستی و بێدەسەڵاتی تاكەكان بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی هەمان ئامرازە زمانییەكان ئەتوانن بۆ مەبەستی جیاواز – تەنانەت پێچەوانەش- بەكاربهێنرێن، بۆ نمونە فۆرمێكی وەك (وا دیارە...، بڕیار وایە...)، كە بۆ باڵادەستی بەكاریەت، ڕەنگە لە چوارچێوە و دەوروبەرێكی تردا یان لە زاری ئاخێوەرێكی ترەوە واتا و مەبەستی تر بگەیەنێت) (Tannen, ١٩٩٣, ١٦٦).

تانێن (١٩٩٣: ١٦٦-١٨٦) پێی وایە یەكێك لە سەرەكیترین هۆكارەكانی ناڕوونیی و فرەواتایی ستراتیژە زمانییەكان بریتییە لە پەیوەندیی دژبەیەكی نێوان بزوێنەرەكان (dynamics)ی دەسەڵات و هاوكاریی، ئەمەش ئەنجامی توێژینەوەكانی زمان و جێندەری شێواندووە، واتە نابێت گریمانەی ئەوە بكەین، كە هەر ئاماژە و فۆرمێك ژنان بەكاریبهێنن، نیشانەی بێدەسەڵاتیی و ژێردەستەییە، بە پێچەوانەشەوە هەرچی پیاوان بەكاریبهێنن، لە ئەنجامی دەسەڵات و باڵادەستییەوە هاتۆتە ئاراوە.

بە پێی ئەنجامی كۆمەڵێك توێژینەوە، ستراتیژەكانی (كلكەپرسیار، پرسیاری ڕەوانبێژیی، چڕكەرەوەكان - intensifier، پەرژین – hedge) بێدەسەڵاتی تاك ئەگەیەنن، بەڵام توێژینەوەكانی دواتر باس لەوە ئەكەن، كە ئەو جۆرە لێكدانەوە ڕەهایانە هەڵەن، چونكە ڕەنگە هەمان ڕەگەز/ ستراتیژ بە هۆی دەوروبەرەوە ئەركێكی پێچەوانە بەجێبهێنێت، تایبەتمەندییەكانی قسەكەر و هەڵوێستی وەرگر بەرانبەر بە قسەكەر و بابەتی باسەكە ڕۆڵی گرنگ ئەبینن (Schulze and Pishwa, ٢٠١٥: ٤-٥).

سەرەڕای ناڕوونی ستراتیژە زمانییەكان و ڕاجیایی لەسەر دەستنیشانكردنی هەریەك لەو ستراتیژانە، توێژینەوەكان بە شێوەیەكی گشتیی كۆمەڵێك ستراتیژیان وەك ئامرازی بێدەسەڵاتی، یان باڵادەستیی تاك دەستنیشان كردووە، لەوانەش:

١/٢) پەرژین (hedge)٣:

جۆرج لاكۆف بۆ یەكەمجار زاراوەی «hedge»ی لە ساڵی (١٩٧٣) داهێنا، لەو كاتەوە زاراوەكە

٣ - زاراوەی (hedge) لە زمانی عەرەبیدا بە هەندێك زاراوەی وەك (كلام مرن) (سوان، جون وآخرون، ت: الراشد واخرون، ٢٠١٩: ١٧٤) و (تعابیر المراوغة) (Mohamad and Sahib, 2014: 21) وەرگێڕانی بۆكراوە.

لە بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی بەردەوامدایە، بەڵام پێ ئەچێت وەک یەکێک لە گەورەترین چەمکە نامۆکانی ناو بواری توێژینەوەی زمانەوانیی دا مابێتەوە (Castro, Esteban Brea، ٢٠١٨: ٢).

پەرژین ئەو وشەو دەربڕینانە ئەگرێتەوە، کە گومان و نادڵنیایی ئەگەیەنن، بە وێنە (تا رادەیەك، بە جۆرێك لە جۆرەکان، بە شێوەیەکی وا)، ئەم دەربڕینە لاستیکییانە ئەتوانرێت لە ژێر رۆشنایی هەڵوێستەکاندا شیبکرێنەوە، واتە ئەوە بزانرێت، کە تا چەند قسەکەر متمانەی بە قسەکانی خۆی هەیە (سوان، جون واخرون، ت: الراشد واخرون، ٢٠١٩: ١٧٤). کەواتە بە هۆی پەرژینەکانەوە ئەتوانرێت هێزی وتنەکان نەرم بکرێتەوە یان هێزی جەختکەرەوەی وتنەکان مامناوەند بکرێتەوە. لە ئەنجامی تایبەتمەندییەکانی وەک (نادڵنیایی، گومان، تاقیکردنەوە، ناڕوونیی، بێلایەنیی، هێورکردنەوە، ...)هوە سەرچاوە ئەگرێت (Mohamad, Munthir Manhal and Sahib, Raniah Shakir، ٢٠١٤: ١) (جعفر، نیگار ستار، ٢٠٢٣: ٦٤-٦٥)٤.

لاکۆف پاش ئەوەی بەدواداچوونی بۆ گفتوگۆی رۆژانەی ژنانی ئەمریکایی کرد، بۆی دەرکەوت، کە ژنان لە رێگەی بەکارهێنانی پەرژینەوە هێزی بۆچوونەکانیان نەرم و سووك ئەکەنەوە. هەروەها پێی وایە ژنان لە پیاوان خۆپارێزتر و ریزدارترن لە دەربڕیندا، ناڕاستەوخۆیش گوزارشتەکانیان ئەدرکێنن، پیاوانیش کاتێك پەرژین بەکارئەهێنن، کە بابەتی کەسیی یان هەستیار بورووژێنرێت (Mohamad and Sahib، ٢٠١٤: ٣) (Azizah, Dinda Noor، ٢٠٢١: ٥٩-٦٠). لە لایەکی ترەوە پەرژینەکان بە بەربەست و کەمکەرەوەی چڕیی دەربڕاوەکان، یاخود دابەزێنەر و لاوازکەری هێزی گوزارشتەکان ناسراون، کە بە شێوەیەکی گشتیی یارمەتی قسەکەر ئەیەن تاکو راستیی و داتاکان لە هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردن و بۆچوونەکان جیابکاتەوە. بە مەبەستی پاسادان، ئەم نموونانەی خوارەوە بەراورد ئەکەین:

**٦- ا) ئازاد لە تۆ زیرەکترە.**

٦- ب) پێموایە رەنگە ئازاد بە گشتیی لە تۆ زیرەکتر بێت.

رستەکانی (٦-ا) و (٦-ب) تا رادەیەک لە یەکتر جیاوازن، ئەگەرچیی وا دەرئەکەوێت، کە هەمان زانیاریی

---

٤ – بەمەش هەر دەربڕاوێک ئەتوانرێت بەپێی دەوروبەری پەیوەندییکردن، یان دەق وەک پەرژین بەکاربهێنرێت. بەم پێیە پەرژینەکان پەیوەستن بە کاریگەرییەکانی گوتارەوە، کە لە ژێر چەند ناوێکی تردا خۆیان ئەنوێنن (جعفر، نیگار ستار، ٢٠٢٣: ٦٤-٦٦):

١. ناڕوونیی (Vagueness): بەکارهێنانی هەموو ئەو دەربڕاوانە ئەگرێتەوە، کە واتایەکی ناڕوون یان چەند واتایەکیان هەیە، تێگەیشتن و هەڵهێنجانی واتاکەی پشتبەستووە بە دەوروبەر و چوارچێوەی دەربڕاوەکەوە.

٢. خۆدزینەوە (Evasion): کاتێک رووئەدات، کە مرۆڤ چەند رێگەیەکی جۆراوجۆر بەکارئەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی لە بابەتێک بدزێتەوە، یان رای تەواوی خۆی بە روونیی دەرنەبڕێت، واتە خۆدزینەوە بەندە بەو زانیارییانەی، کە قسەکەرەکە پێشکەشی ئەکات، ئەو زانیارییانەشی کە گوێگر لێکدانەوەی بۆ ئەکات.

٣. شێوازی ناڕوون (Equivocation): بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک، کە ئەتوانێت زیاد لە واتایەک بگەیەنێت، یان شێوازێکی ناروونی قسەکردنە بۆ ئەوەی سەر لە کەسانی تر بشێوێنێت و ڕاستییەکان بشارێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و درووستنەبوونی دەرئەنجامە نەرێنییەکانە.

٤. هێورکەرەوە زمانییەکان (Mitigation): ئەو فۆرمە زمانییانەن، کە ئەبن بە هۆی کەمکردنەوەی هێزی ناوەڕۆکی رستەکان و پابەندنەبوون بە دەربڕاوەکان. ئەرکی جەوهەری هێورکەرەوەکان دیاریکردنی پلەی بەرپرسیارێتی قسەکەرە بە دەربڕاوەکەیەوە، کە ئەمەش بە تەواوی توانستی قسەکەر پیشان ئەدات ، بۆ رزگاربوون لە هەر جۆرە بەرپرسیارێتییەک.

ئەگەیەنن: رستەی(٦-ا) بانگەشەیەکی دابڕ (قاطع)ـە، کە بوارێکی کەم یان هیچ بوارێك بۆ دانوستان ناهێڵێتەوە، بەڵام رستەی (٦-ب) دەربڕینێکی زۆر پارێزراوە، سێ ستراتیژی لاوازکەر (پەرژین)ی لەخۆگرتووە، کە بە هۆیانەوە قسەکەر هەوڵ ئەدات بە وریاییەوە دیدگای ناڕاستەقینەی خۆی بخاتە روو، لەم روانگەیەشەوە ئەتوانرێت بە گشتیی پەرژینەکان وەک ستراتیژێك بۆ کەمکردنەوەی هێزی لێدوانەکان پەسەند بکرێت، بە واتایەکی تایبەتتر ئەو فۆرمانە ئەگرێتەوە، کە واتای هەندێک فۆرم کاڵ ئەکەنەوە، یاخود تەمومژ یان ناڕوونیی ئەکەن بۆ ئەوەی هێزی جەختکردنەوە دابەزێنن یان نەرمی بکەنەوە (Castro, Esteban Brea, ٢٠١٨: ٢-٣).

دەرئەنجامی توێژینەوەیەك (کە لە بارەی پەرژین لە مشتومڕەکانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی عێراقدا بەجێهێنراوە) دەریخستووە، کە: (١) پەرژینەکان مشتومڕ و گفتوگۆکان بە رێکوپێکی ئەهێڵنەوە و لە ململانێ ئەیانپارێزن. پاڵنەرەکانی پەرژینیش بریتییە لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی وەك نادڵنیایی و بڕیارنەدان، ناڕوونیی و ئەدەب. (٢) توێژینەوەکە ئەو رۆڵە بەرچاوەش پیشان ئەدات کە دەوروبەر لە لێکدانەوەی پەرژینەکاندا ئەیگێڕێت. هەروەها ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە، کە پیاوان زیاتر لە ژنان پەرژین بەکارئەهێنن، بە هۆی زیاتر ئاگاداربوونیان لە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی هەندێک بابەت (Mohamad and Sahib, ٢٠١٤: ١-٢١).

سەبارەت بە دەرئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکە، تەواو پێچەوانەی ئەو ئەنجامەیە، کە لاکۆف پێی گەیشتبوو، چونکە بە بڕوای لاکۆف ژنان لە ئاخاوتندا لە پیاوان خۆپارێزتر و رێزداترن، ناڕاستەوخۆیش گوزارشتەکانیان ئەدرکێنن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە کەلتوور و دەوروبەری زمانی و نازمانیی رۆڵ و کاریگەریی گەورەیان لەسەر ستراتیژەکان (لە ناویشیاندا پەرژین) هەیە، هەریەك لە توێژینەوەکان سامپڵی جیاوازیان وەرگرتووە: (کۆمەڵی عێراقی) ، (کۆمەڵگەی ئەمریکایی). سەرەڕای ئەوەش، ئەو توێژینەوانەی، کە ئەرکی پەرژینەکانیان باس کردووە و جۆر و سنوورەکانیان جیاکردۆتەوە، سەرجەمیان پشتیان بە کەلتوور و پەیوەندیی و هێزی کۆمەڵایەتیی و دەوروبەری زمانیی بەستووە، (Martín-Martín) لە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆپراگماتیکیی دا ئەرکی پەرژینەکانی لە بازنەی ستراتیژیی بەرێزانەدا پۆلێن کردووە، هاوکات پێی وایە (کاتێك ئەتوانرێت ئەرکی پەرژینەکان دەستنیشان بکرێت، کە دەوروبەری زمانیی و بارودۆخەکە لەبەرچاو بگیرێت) (Azizah, ٢٠٢١: ٦١).

## ٢/٢) فۆرمی بەڕێزانە (politeness strategie):

بە پێی توێژینەوەکان هەر لە هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە دەربڕینی بەڕێزانەی وەك (بفەرموون، ببورن، داوای لێبوردن ئەکەم، تکا ئەکەم/ تکایە، بە یارمەتی بەڕێزتان، ...) وەك تایبەتمەندییەکی زمانی بێدەسەڵات ئاماژەی پێکراوە، کە ژنان زیاتر بەکاری ئەهێنن. (Brown) پێشبینی ئەوە ئەکات، کە ژنان بە گشتیی بە شێوەیەکی فەرمیتر و بەڕێزانەتر قسە ئەکەن، بەو پێیەی لە رووی کلتوورییەوە ژنان بۆ پێگەیەکی لاوەکی دابەزێنراون بە بەراورد بە پیاوان، لە لایەکی ترەوە، وا چاوەڕوان ئەکرێت، کە فۆرمەکانی رێزگرتن زیاتر لە لایەن پێگە نزمەکانەوە بۆ پێگەی باڵاتر بەکاربهێنرێت، بە هەمان شێوە (Coates) ئاماژە بەوە ئەکات، کە

ژنان ڕێزی زیاتر دەنوێنن وەك لە پیاوان، بۆیە ڕێز و ئەدەبی بە «شێوازی ژن» ناوبردووە (Mohamad and Sahib, ٢٠١٤: ٤).

ژمارەیەکی بەرچاو توێژینەوە لە بارەی پەرژینەکانەوە (وەک ستراتیژێکی ڕێز) بەجێهێنراوە٥، بۆ نموونە (Tang) لە ساڵی (٢٠١٣)دا هەوڵیدا بەدواداچوون بۆ ئەرکە پراگماتیکییەکانی پەرژینەکان بکات، توێژینەوەیەکی لەسەر ئەرکەکانی پەرژین لە ڕوانگەی ڕێز و ئەدەبەوە بەجێهێنا، تیایا گەیشتە چەند ئەنجامێك: (١) بەکارهێنانی نادرووستی پەرژینەکان لە پاراستنی ڕێزدا شکست ئەهێنێت. (٢) جۆرە جیاوازەکانی پەرژین تایبەترین پێکهاتەی زمانیی تەمومژاوین و ڕۆڵی پاراستنی ڕێز و ئەدەب لە پەیوەندییکردندا ئەگێڕن. پەرژینەکان ئەتوانن پەیوەندییکردن نەرم و نیان و بەڕێز و مامناوەندی بکەنەوە، کە بە شێوەیەکی کاریگەر یارمەتیدەرە بۆ پاراستن و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان قسەکەران. (٣) لە لایەکی ترەوە، پەرژینەکان زانیارییەکانیان لێڵ و ناڕوون ئەکەن و شکست ئەهێنن لە گەیاندنی وردیی و گونجاویی زانیارییەکان بە گوێگر، بۆیە پێویستە پەرژینەکان لە کاتی خۆیدا و بە شێوەیەکی مامناوەند بەکاربهێنرێن (Nim, Anisa Zakia, ٢٠١٨: ١١)

### ٣/٢) فۆرمی پرسیاریی:

ئەم ستراتیژە بۆ سێ جۆری سەرەکیی دابەش ئەبێت:

١-٣/٢) کلکەپرسیار (question tag):

یەکێك بوو لەو ستراتیژە دیارانەی، کە نەك تەنها وەك تایبەتمەندیی شێوازی ئاخاوتنی ژنان، بەڵکو وەك شێوازی زمانیی بێدەسەڵات دەستنیشانکرابوو، سەرەتای ئەم بۆچوونەش لە کارەکانی لاکۆف دا دەرکەوت (Craig et al in Schulze and Pishwa, ٢٠١٥: ٢٠٨ )، ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە فۆرمەکانی کلکەپرسیار بە گشتیی واتای (نادڵنیایی، گومان، بڕوابەخۆنەبوون، ...) لەخۆ ئەگرن، وەك نموونەی (٦)دا دەرئەکەوێت:

٧-) توێژینەوەکە ئەنجامێکی زانستیی نەبوو، (وایە/وانییە/ڕاستە/ڕاست نییە)؟

### ٢-٣/٢) پرسیاری ڕەوانبێژیی (rhetorical question):

ئەو فۆرمانە ئەگرێتەوە، کە لە شێوەی پرسیاردا دائەڕێژرێن، بەڵام بە مەبەستی کارتێکردن (نەك وەرگرتنی وەڵام) بەکارئەهێنرێت، چونکە وەڵامەکان ڕوونن، قسەکەر ئامانجێتی لەو ڕێگەیەوە پەیامی (بیرخستنەوە، جەختکردنەوە، سەرزەنشتکردن، هاندان، ئامۆژگاریی، پاساودانی بەڵگە، ڕاچەڵەکاندن، ...) بە وەرگر بگەیەنێت، بۆ نموونە مامۆستایەکی ئایینی لە میانی وتاردان دا دەستەواژە و ڕستەکان لە شێوەی پرسیاری ڕەوانبێژیی نموونەی (٧)دا دائەڕێژێت و، بە هۆیەوە پەیامی جیاوازیان پێ ئەگەیەنێت:

٨-ا) ئەتەوێت بڕۆیتە بەهەشتیشەوە؟ (سەرزەنشتکردن)

---

٥ – جێی ئاماژەیە (نیگار ستار) بە پێچەوانەوە (ڕێزگرتن)ی بە یەکێک لە مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانی پەرژینی زمانیی لێکداوەتەوە، مەبەستەکانیشی لە چوار خاڵدا کۆکردۆتەوە: (١) کەمکردنەوەی داواکاریی (٢) ئاراستەکردنی گوێگر (٣) ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندییداریی (٤) نواندنی ڕێز (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جعفر، نیگار ستار، ٢٠٢٣: ١٠٣–١٠٧). سنووری هەردوو ستراتیژەکە لە کۆمەڵێک لایەنەوە بەناویەکدا چوون و چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەیە، بەوەی، کە زۆرجار بۆ دەربڕینی پەرژینە زمانییەکان پێویستیمان فۆرمێکی بەڕێزانە ئەبێت و بە پێچەوانەشەوە.

٨-ب) ئەگەر ئەمە چاکە نەبێت، چیی چاکەیە؟ (پاساودان(
٨-پ) کامان بەهەشتمان ناوێ و حەزمان لە چاکە نییە؟ (هاندان)

هەرچەندە بەکارهێنانی فۆرمی پرسیارکردن زۆرجار بۆ هاوبەشییکردن و بەشدارییکردنە لەگەڵ وەرگردا، بەڵام فۆرمە جۆراوجۆرەکانی پرسیارکردن ئەتوانن کاریگەریی پێچەوانە لەسەر بەشداربووان دابنێن (Craig et al in Schulze and Pishwa, ٢٠١٥: ٢٠٢)، ئەمەش بە بەراوردکردنێکی نموونەکانی فۆرمی کلکەپرسیار و پرسیاری رەوانبێژیی دا بە روونیی دەرئەکەوێت.

## ٣-٣/٢) پرسیاری ئاسایی:

مەبەست لەو پرسیارانەیە، کە ئاخێوەر لە میانی گفتوگۆ و ئاخاوتن دا پرسیاری زانستیی درووست ئەکات و هزر و بیری بەشداربووان ئەجووڵێنێت (بڕوانە نموونەی ٩)، پاش کەمێك وەستان خودی ئاخێوەر وەڵامەکەش ئەدرکێنێت، یان چاوەروانی وەڵام لە بەشداربووان ئەکات، یاخود بە مەبەست پرسیارەکە بێ وەڵام بەجێئەهێڵێت، بۆ ئەوەی بە دوایدا بگەڕێن، بە ئامانجی بەئاگاهێنانەوە و زیاترکردنی کاریگەری بابەتەکە لەسەر وەرگران. جێی باسە مەرج نییە هەموو کات ئامانجێکی دیاریکراو لە پشت بەکارهێنانی ئەم جۆرە پرسیارانەوە بێت، بەڵکو رەنگە ئاخێوەر تەنها وەکو تایبەتمەندییەکی ئیدیۆلێکتی وەریگرتبێت، بێ مەبەست و نائاگاییانە بەکاری بهێنێتەوە، بەمەش ناتوانێت کاریگەریی و بەهایەکی ئەوتۆی لای وەرگران بەدەست بهێنێت.

٩) مامۆستا: ئامانج لەم وانەیەدا چیبوو؟ ... ئامانجمان ناساندنی (ChatGPT) بوو.

## ٤-٣/٢) دوودڵیی (hesitation):

دوودڵیی زیاتر لە زمانی ئاخاوتندا بەدی ئەکرێت، (چالاکییەکی ئاوەزیی و دینامیکییە سەبارەت بە گەڕان بە دوای هەڵبژاردنی درووست، وەك لە دەستەواژەکانی (ئەزانی چۆنە، ئێ... ، دوودڵم/ بەگومانم، ...)دا دەرئەکەوێت) (Pishwa & Hanna in Schulze and Pishwa, ٢٠١٥: ١٤٨). بە گشتیی سیما و ئاماژەکانی ئەم ستراتیژە بریتین لە: وەستان و بێدەنگبوون یان پڕکردنەوەی بێدەنگیی بە ئاماژەی وشەیی وەك: (دووبارەکردنەوەی دەربڕاوەکە، دووبارە دارشتنەوە، ...)، یان ئاماژە ناوشەییەکانی وەك: (کۆکە، پێکەنین، دەنگەکانی وەك ئم، ئێ...) (Wang, Yibei, ٢٠٢١: ٨٢٣).

زۆرجار لەگەڵ قسەکردندا بیروڕامان ئەگۆڕین سەبارەت بەوەی ئەمانەوێت بیڵێین و لە ئەنجامدا دوودڵ ئەبین، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە ژمارەی ئەو ئاخێوەرانە کەمن، کە بتوانن بە تەواوی رەوانییەوە قسەبکەن، بەبێ ئەوەی دوودڵ بن یان هەڵە بکەن. بۆیە زۆرجار قسەکردنی لەخۆوەیی (عفوي) لەگەڵ وەستان و دوودڵیی وەك: (دەربڕینی وشە بە هەڵە، یان بە کورتکراوەیی، دووبارەکردنەوە، هەڵبژاردنی وشەی نەگونجاو، خۆ راستکردنەوە، هەڵەی رێزمانیی، درێژکردنەوەی دەنگ، چاککردنەوە، ...) دا تێکەڵ ئەبن (rad, Shadi Khojasteh & Abdullah, Ain Nadzimah, ٢٠١٢ : ١٠٢).

یەکێك لەو رێگایانەی، کە دوودڵیی تاك لە بەکارهێنانی زماندا ئەسەلمێنێت، هەڵەکردنی

زمانەوانیی و رێزمانییە، ئەمەش جگە لەوەی پەیوەستە بە باری دەروونیی تاکەوە، بەڵگەشە لەسەر بوونی دوودڵیی و گومان لە درکاندنی زانیارییەکانی، یان رێکخستنیان بە شێوەیەکی گونجاو.

دوودڵیی جۆرێکە لە ستراتیژی پەیوەندییکردن کە بەشداربووان بەکاری ئەهێنن بۆ ئەوەی جڵەوی ئاخاوتنەکانیان بکەن. ئاخێوەران ئاماژەکانی دوودڵیی وەك هاوکارێك بەکارئەهێنن بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازیی لە بنیاتنانەوە و پاراستنی پەیوەندییەکی کارا، ئەمەش کات ئەدات بە قسەکەر بۆ باشترکردن یان قەرەبووکردنەوەی تێکچوونی کارایيەکانی (Boonsuk, Yusop et al, ٢٠١٩: ١٣٠).

(Faerch and Kasper) لە توێژینەوەیەکیاندا توانیان بن بە پێشەنگ لە پێشنیازکردنی ستراتیژییەکانی پەیوەندییکردن وەك پلانی زارەکیی لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن دا. لە توێژینەوەکەدا جەختیان لەسەر دوو قۆناغی بەرهەمهێنان کردەوە: (١) قۆناغی نەخشەکێشان و پلاندانان: بریتییە لە پەرەپێدانی پلانێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پەیوەندییکردن. لەم قۆناغەدا، بەکارهێنەری زمان ئەو یاسا و رەگەزانە هەڵئەبژێرێت، کە ئەتوانن بە باشترین شێوە لە پلانی دروستکردنی رەفتارێکی زارەکیی دا بەشداریی بکەن، بە جۆرێك، کە لەگەڵ ئامانجە رەسەنەکانی پەیوەندییکردن دا بگونجێت. (٢) قۆناغی جێبەجێکردن (التنفیذ): ئاخێوەران پەنا ئەبەنە بەر ستراتیژییەکانی پەیوەندییکردن بۆ ئەوەی لە قۆناغی پلاندانان دا رووبەرووی کێشەکانی جێبەجێکردن ببنەوە (rad, Shadi Khojasteh & Abdullah, Ain Nadzimah , ٢٠١٢: ١٠٢).

## ٥-٣/٢) چڕکەرەوە زمانییەکان (Linguistic intensity):

ئامرازێکی زۆر هەیە بۆ جەختکردنەوە یان چڕکردنەوەی ئەوەی، کە تاك ئەیڵێت، یان ئەینووسێت، لە ئەنجامدا واتای وشەیەکی دیاریکراو زیاتر یان زۆرتر ئەکات، واتە چڕکەرەوەکان بۆ بەهێزکردنی وشەکان بەکارئەهێنرێن لە بەدەستهێنانی ئەرکە پراگماتیکەکاندا (Salman, Isa Atallah, ٢٠١٩: ٩٠). چڕکەرەوە ئامرازێکی شێوازییە بۆ بەهێزکردن و زیادکردنی چڕیی هەڵوێستێک یان هەڵسەنگاندنێک (بڕوانە نموونەکانی ١١، ١٢)، بەمەش سنووری کاری چڕکەرەوەکان ئەزانرێت و لەو باس و رووداوانە جیائەکرێتەوە، کە خودی خۆیان لە رووی بەهێزییەوە رەگەزی جیاوازن (بڕوانە نموونەکانی: ١٠-ا و ١٠-ب)، نەك پلەبەندیی و بەراوردکرنی هەمان رەگەز بن:

١٠-ا) خانووەکە کۆن بووە.

١٠-ب) خانوەکە رووخاوە.

فۆرمی (کۆنبوون) لە رستەی (١٠-ا)دا هەمان رەگەز و پۆلی واتایی وشەی (رووخاو)ی رستەی (١٠-ب) نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی دوو بارودۆخی جیاوازە، بۆیە (رووخاو) نابێت بە چڕکەرەوەی (کۆنبوون)، هەروەك چۆن ژمارە «دە» نابێت بە چڕکەرەوەی ژمارە «چوار» بە نموونە، چونکە بابەتی هەڵسەنگاندنەکە گۆڕاوە، ئەمەش لەگەڵ چەمکی چڕکەرەوەدا نایەتەوە، کە بابەت و پێوازۆکە هەرگیز نابێت بگۆڕێت (بڕوانە: Liebrecht, Christine et al, ٢٠١٨: ٢٧٤).

چڕکەرەوەکان یەکەی زمانین، پلە و رادەی جەختکردنەوە و هێزی سەر پۆلە وشەکانی تر پیشان

ئەیەن، Suppes ئاماژە بەوە ئەکات، کە چرکەرەوە ئەو پێواژۆیە ئەگەیەنێت، کە ئەدڤێربێك بە هۆیەوە کار لە ڕێژەو ڕادەی هاوەڵناوەکان ئەکات. بە هەمان شێوە (Milroy & Milroy) پێیان وایە هەر پەیامێکی گەیەندراو ئەتوانرێت لە ڕێگەی ئەدڤێربەکانی وەک (زۆر، بەراستیی، بۆیە، هێندە، تەواو، بە تەواویی، ئەوەندە، ...) توندتر یان چڕتر بکرێتەوە و جەختی لەسەر بکرێتەوە (بڕوانە: Salman, ٢٠١٩: ٩٢).

لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی چرکەرەوە بۆ ئەو فۆرمە زمانییانە بەکارئەهێنرێت، کە کاریگەریی زیادکردن و کەمکردنی هێزی وشەکانی وەك (ناو، هاوەڵناو، هاوەڵفرمان) پیشان ئەیەن، وەك لە نموونەکانی (١١-ا، ١١-ب، ١١-پ)دا ڕوونکراونەتەوە:

١١-ا) بە ڕاستیی ئازاد خۆی سەرکەوتوو بوو. (چرکەرەوەی ناو)

١١-ب) ئاوەکە زۆر ساردە. (چرکەرەوەی هاوەڵناو).

١١-پ) ئەوەندە خێرا هەواڵەکەی خوێندەوە، لێی نەگەیشتم. (چرکەرەوەی هاوەڵکردار)

(Liebrecht Christine) و هاوکارانی «چرکەرەوە» بەو ڕێگا و شێوازە جۆراوجۆرانە ئەناسێنن، کە ئەتوانرێت بۆ بەهێزکردنی بۆچوونێک بەکاربهێنرێت، لەم ڕوانگەیەشەوە نموونەی چەند کەسێك ئەهێننەوە، کە ژەمێکی بەتامیان خواردبێت، ئەتوانن بە چەند شێوازێك پلەبەندیی چێژیی خواردنەکە دەرببڕن ((Liebrecht, Christine et al, ٢٠١٨: ٢٧:

١٢) خۆش بوو. (That was nice.)

ئەگەر بیانەوێت ئەم هەڵسەنگاندنە بەهێز بکەن، ئەتوانن بڵێن:

١٣) زۆر خۆش بوو. (That was very nice.)

چەندین بژاردەی زیاتریان لەبەردەستدایە بۆ دەربڕینی شێوازێکی ئەرێنیی بەهێزتر:

١٤-ا) تا بڵێی خۆش بوو. (That was super nice.)

١٤-ب( بەچێژ بوو. (That tasted delicious.)

١٤-پ( تەواو بە تام بوو. (That was absolutely delicious.)

١٤-ت( لە هەموویان بەچێژتر بوو. (.That tasted best of all)

١٤-ج) لە ڕادە بەدەر بەتام بوو. (That was scrumdiddlyumptious.)

١٤-ح) تامێکی بەهەشتییانەی هەبوو٦ (That tasted like heaven.)

١٤-خ) شاهانە بوو. (That was fit for a king.)

مەرج نییە تەنها کۆدە زمانییەکان ڕۆڵی چرکردنەوەی واتا ببینن، بەڵکو هەندێك جار هێما و کۆدی نازمانیی وەك (ئیمۆجیی، وێنە، دانانی چەند نیشانەیەکی پرسیار یان سەرسوڕمان: «؟؟؟، !!!»، ...) ئەتوانن ئەو ئەرکە بگێڕن.

بە پێی ئەنجامی توێژینەوەیەکی ((Liebrecht و هاوکارانی، کە ساڵی (٢٠١٨) بەجێهێنراوە، دوو ڕەهەند ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە جیاکردنەوەی چرکەرەوەکاندا ئەگێڕن: دەورووبەر و دەوڵەمەندی واتا. واتای

٦ -ئیدیەمە، بە واتای (زۆر خۆش) یەت، لە کوردیی دا لە بری ئەوە هەندێک جار (دەست و پەنجەی لەگەڵا ئەخورێت) بەکارئەهێنرێت.

چڕبوونـەوەی رەگەزێـك بەنـدە بـە دەورووبـەری بەکارهێنانیـەوە. دەوڵەمەنـدی واتـا بـڕی ئـەو زانیاریانەیـە، کـە رەگەزێکـی چڕکـەرەوە لـە سـەرووی ئەرکـی چڕکردنەوەکەیـەوە لەخـۆی ئەگرێـت.

لـە خـوارەوە دەرئەنجامـی هەندێـك لـەو توێژینەوانـە ئەخەینـەروو، کـە بەسـەر یەکێـك یـان زیاتـر لـە سـتراتیژە زمانییەکانـدا جێبەجێکـراون و ئەنجامـی جیاوازیـان لێکەوتۆتـەوە، دواتـر بۆچوونـی خۆمـان پشتبەسـت بـە بەڵگـە و سـنووری کارەکەمـان روون ئەکەینـەوە:

١. دوودڵیی، پەرژین، چڕکەرەوە، کلکەپرسیار و فۆڕمی بەڕێزانە:

(Hosman) پێداچوونـەوەی بـە توێژینەوەکانـی مـاوەی زیاتـر لـە ٣٠ سـاڵ دا کـرد، بـۆ زانینـی پەیوەندییی نێـوان سـتراتیژە زمانییـەکان و هێـزی کۆنترۆڵکـردن و دەسـەڵات و باڵادەسـتیی. سـتراتیژەکانی (دوودڵـیی، پەرژیـن، چڕکـەرەوە، کلکەپرسـیار و فۆڕمـی بەڕێزانـە)ی وەك نموونـەی شـێوازی بێهێـز لەقەڵـەم دابـوو. بـە گشـتیی توێژینەوەکـە دەریخسـت، کـە شـێوازی ئاخاوتنـی بێهێـز ئەبێـت بـە هـۆی نزمکردنـەوەی رادەی باڵادەسـتیی و هێـز و کۆنترۆڵکـردن لـە چـاو ئـەو قسـەکەرانەی، کـە شـێوازێکی بەهێـز بەکارئەهێنـن. توێژینەوەکـە لەسـەر رازییکـردن پێـی وایـە شـێوازی بەهێـز نـەک هـەر ئەبێتـە هـۆی تێگەیشـتن لـە دەسـەڵات و جڵەوکـردن، بەڵکـو کاریگەریـی لەسـەر هەڵوێسـتی وەرگرانـی پەیامەکـەش هەیـە (Hosman in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ٢٢٩-٢٣٠).

## ٢. پەرژین و چڕکەرەوە:

هـەردوو توێـژەر (Hosman & Siltanen) سـاڵی (٢٠٠٦) توێژینەوەیەکـی ئەزموونییـان لـە بارەی (پەرژین و چڕکـەرەوە)وە کـرد، تیایـا وتارێکـی قایلکەریـان بـە چـوار شـێواز نووسـییەوە، کـە بانگەشـە بـۆ زیادکردنـی کرێـی خوێندنـی زانکـۆ بـوو. شـێوازی یەکەمیـان هـەردوو پەرژیـن و چڕکـەرەوەی تێدابـوو، دووەمیـان تەنهـا پەرژینـی تێدابـوو، سـێیەمیان تەنهـا چڕکـەرەوەی تێدابـوو، چوارەمیـان نـە پەرژیـن و نـە چڕکـەرەوەی تێـدا نەبـوو. بـە پشتبەسـتن بـە هەڵسـەنگاندنی بەشداربووان دەرکـەوت، کـە ئـەو وتارانـەی چڕکەرەوەیـان تێدایـە زۆرتریـن توانـای کۆنترۆڵـی کەسـانی تریـان هەیـە، لـە کاتێکـدا ئـەو وتارانـەی، کـە پەرژینیـان تێدایـە کەمتریـن کۆنترۆڵکردنـی ئەوانـی تریـان هەیـە. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە، چڕکـەرەوە بـە یەکێـك رەگەزەکانـی شـێوازی بێدەسـەڵات دائەنـرا، بـەڵام لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا وەک سـتراتیژێکی زۆر بەهێـز و جڵەوگیـر هەسـتی پێکـرا (Hosman in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ٢٢٧).

## ٣. پەرژین و دوودڵیی:

هـەردوو توێـژەر (Blankenship and Holtgraves) دوو تاقیکردنەوەیـان لـە بـارەی رۆڵـی (پەرژیـن و دوودڵـیی) لـە کـردەی قایلکردنـدا کـرد، تێیـدا پەیامێکیـان بـە چەنـد شـێوازێك دارشـتەوە. بەراوردکارییـە ئامارییـەکان دەریانخسـت، کـە ئـەو پەیامانـەی (پەرژیـن یـان دوودڵیی)یـان تێدایـە لـە چـاو ئـەو پەیامانـەی، کـە هییـچ پەرژینێـک یـان هییـچ دوودڵییەکیـان تێـدا نییـە کەمـتر قایلکەربـوون (Hosman in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ٢٢٨).

## ٤. پەرژین و کلکەپرسیار:

یەکێك لەو توێژینەوانەی (Hosman & Siltanen)، کە ساڵی (٢٠١١) لە بارەی هەردوو ستراتیژی (پەرژین، کلکەپرسیار)هوە کرابوون، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی، کە ئایا ئەو دوو ستراتیژە توانای قایلکردنی وەرگریان هەیە یان نا؟ دەرئەنجام هییچ بەڵگەیەك نەدۆزرایەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە ئایا ئەو پەیامانەی هەردوو (کلکەپرسیار و پەرژین)یان تێدایە، کەمتر یان زیاتر قایلکەرن بە بەراورد بەو پەیامانەی، کە ئەو ستراتیژانەیان تێدا نییە، ئەمە سەرەڕای چەند توێژینەوەیەکی تر، کە پێیان وایە مەرج نییە (پەرژین) هەمیشە هێمای زمانی بێهێز بێت، (Durik) و هاوکارانی ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئەکرێت پەرژین کاریگەریی لەسەر کردەی قایلکردن هەبێت (Hosman in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ٢٢٩)

## ٥. کلکەپرسیار:

پێشتر باسی ئەوە کرا، کە کلکەپرسیار زیاتر ژنان بەکاری ئەهێنن، بۆیە زۆرجار وەك ستراتیژێکی شێوازی بێهێز هەژمارکراوە، کە ئەبێت بە هۆی درووستکردنی تێڕوانینێکی نەرێنیی کۆمەڵایەتیی و کەمبوونەوەی متمانە و لاوازبوونی هێزی قایلکردن. (Ng & Bradac) بانگەشەی ئەوە ئەکەن، کە کلکەپرسیار یەکێکە لە دیارترین بەکارهێنراوە زمانییەکانی شێوازی بێدەسەڵاتیی ئاخێوەر، هاوکات ئەو رەگەزانەی، کە توێژەران وەك ستراتیژی زمانی بێدەسەڵات دەستنیشانیان کردوون، زۆرینەیان (کلکەپرسیار)یان تێدایە. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئەکرێت کلکەپرسیاریش رۆڵی ئەرێنیی و بەهێز ببینێت (بڕوانە: Craig et al in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ٢٠٠).

## ٦. پرسیاری رەوانبێژیی:

پرسیاری رەوانبێژیی نەك تەنها هاندەری گوێگرە بۆ وەرگرتنی پەیامەکان، بەڵکو هێزی قایلکردنیشی پێ ئەبەخشێت، بە تایبەتی کاتێك بە بەڵگە و ئارگیومێنتە بەهێزەکان پشتئەستووربێت ، لەگەڵ ئەوەشدا پرسیاری رەوانبێژیی لە خۆیدا: (١) سەرنجڕاکێشە، وەك لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی (Blankenship)دا دەرکەوتووە، کاتێك بەشداربووان پەیامێك ئەخوێننەوە، کە پرسیاری رەوانبێژیی تێدایە (بە ئارگیومێنتی بەهێز و لاوازەوە)، ئەوا ئەگەری بەشدارییکردنی وردەکارییەکانی شیکردنەوەی پەیامەکە زیاتر ئەبێت. (٢) کاریگەر و قایلکەرە کاتێك بەشداربووان زانیارییەکی کەمیان لەسەر بابەتەکە هەیە (Craig et al in Schulze and Pishwa, ٢٠١٥: ٢٠٩).

## ٧. فۆرمی بەرێزانە:

هەندێك لە توێژینەوەکان ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە، کە ئەو ئاخێوەرانەی فۆرم و دەستەواژە بەرێزبەخشەکان بەکارئەهێنن و بە ئەدەبەوە ئەدوێن، بە هاوشێوەی ئەو ئاخێوەرانە دائەنرێن، کە شێوازی ئاخاوتنی بەهێز بەکارئەهێنن (Hosman in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ٢٢٦).

### ٨. لایەنی دەنگسازیی:

بە پێی توێژینەوەکان گۆڕان و بەرزونزمی دەنگیی، پەیوەندیی بە رەفتارەکانی وەك (متمانەبەخۆبوون، بوێریی، باڵادەستیی، سەرنجڕاکێشیی)هوە هەیە، هەروەها دەرکەوتووە، خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە زیاتر قایلکەرن، تەنانەت دەنگ لەو ئامرازانەیە، کە لە رێگەیەوە پێگەی ژن و پیاو لە رەهەندی دەسەڵات و قایلکردن دا دیاری ئەکرێت (Suppes in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ١٩٣-١٩٤)، هەر لەم بارەیەوە (Cantril & Allport) زنجیرە ئەزموونێکیان لە بارەی کاریگەریی دەنگی پێشکەشکارانی نێر و مێ (لە پەخشی ڕادیۆدا) لەسەر بیسەرانی نێر و مێ تاقیکردەوە، ئەنجامی توێژینەوەکە چاوەڕوان نەکراو بوو، (٩٥٪)ی بیسەران (بە نێر و مێشەوە)، دەنگی پێشکەشکارە نێرینەکانیان پێ باشتر بووە و زیاتر پێی کاریگەربوون (Suppes in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ١٨٧)، هەروەها توێژەرانی وەك (Scherer, London, Wolf) پێیان وایە ئەو ئاخێوەرانەی ئاستی دەنگیان بەرزترە، ئەوا وەك کەسانێکی لێهاتوو و باڵادەستتر هەستیان پێ ئەکرێت (Krauss, R. M. & Chiu, C.-Y, ١٩٩٨: ٣٤).

ئەو ستراتیژانەی، کە باسمانکردن (پەرژین، فۆرمی بەرێزانە، کلکەپرسیار، پرسیاری رەوانبێژیی، دوودڵیی، چرکەرەوە) هاوشێوەی پێنج ستراتیژە پێشنیازکراوەکانی «تانێن»٧ جێگەی مشتومڕ و راجیایی توێژەرانن، هەریەکەیان جارێك وەك پیشاندەری شێوازی بەهێز و قایلکەر، جارێك وەك هێمای شێوازی بێهێز هەژمارکراون. بە گشتیی لە سەرەتاکانی توێژینەوەکاندا، ستراتیژەکانی (کلکەپرسیار، پرسیاری رەوانبێژیی، چرکەرەوە، پەرژین، دوودڵیی) بە شێوازی بێهێزەوە پەیوەستکراوە (بڕوانە: Bradac, James & Mulac, Anthony, ١٩٨٤: ٣٠٩-٣١٥) (Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ٤-٥) (Craig et al in Schulze & Pishwa, ٢٠١٥: ٢٠٠-٢٠١)، بەڵام بەشێك لە توێژینەوەکانی دواتر ئاماژە بەوە ئەکەن، کە ئەم جۆرە لێکدانەوە رەهایانە هەڵە و پڕ کەموکورتین، چونکە رەنگە هەمان رەگەز/ ستراتیژی زمانیی بە هۆی کلتوور و دەورووبەرەوە ئەرکی جیاواز یان پێچەوانە بگێڕێت، تایبەتمەندییەکانی قسەکەر و هەڵوێستی وەرگر بەرانبەر بە قسەکەر و بابەتەکە رۆڵی گرنگ لە هێزی گەیاندن دا ئەبینن. بۆ سەلماندن و پراکتیککردنی ئەو بۆچوونەشمان چەند نموونەیەکی پەیوەست بە کەلتوور و کۆمەڵی کوردییەوە ئەخەینەروو:

نموونەی یەکەم: بەهای چرکەرەوەکان بە پێی چین و توێژەکان ئەگۆڕێت، چینی نزم و ناوەند زیاتر چرکەرەوە بەکارئەهێنن، بەو هۆیەشەوە کاریگەری لەسەر وەرگر دادەنێن، بەڵام چینی بەرز و ئەکادیمیی کۆمەڵ کەمتر بەکاریئەهێنن، چونکە وای ئەبینن، کە زۆربەکارهێنانی چرکەرەوە پەیوەندیی بە لاوازی فەرهەنگی زمان و زیادەڕۆیی لە پەسەندکردنی شتەکانەوە هەیە.

نموونەی دووەم: کلکەپرسیار زۆرجار لە لایەن ژنانەوە بە مەبەستی بەشدارپێکردنی بەرانبەر بۆ پشت راستکردنەوەی بۆچوونەکانیان بەکارئەهێنرێت، بەمەش وەك ستراتیژێکی شێوازی بێهێز دەرئەکەوێت، بۆیە پیاوان بەگشتیی خۆیانی لێ ئەپارێزن و کەمتر بەکاری ئەهێنن، جگە لەو بارودۆخانەی، کە ئاخێوەر

٧ - بۆ زانیاریی لە بارەی ئەو سترتیژانەوە، بڕوانە:(Tannen, 1993: 165–185).

بە پێی هەڵوێست و بابەتی ئاخاوتنەکە شارەزایانە بۆ مەبەستی تر بەکاری ئەهێنێت، بە وێنە کەسانی قسەخۆش زۆرجار لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتە کۆمیدییەکاندا دەستەواژەکانی وەك (توخوا وا نییە؟، وایە یان نە؟، دە بڵێن وا نییە؟، ...) بۆ زیاتر کارتێکردن و سەرنجڕاکێشانی بەرانبەر بەکارئەهێنن. سیاسەتمەدارانیش زۆرجار بۆ پشت راستکردنەوەی بۆچوونەکانیان، لێزانانە کلکەپرسیار بەکارئەهێنن، لەو ڕێگەیەشەوە دانپێدانانی وەرگر و وەڵامی (بەڵێ، وایە) بەدەست ئەهێنن. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە ئەکرێت بە پێی بابەت و کەسێتی ئاخێوەر بەهای «کلکەپرسیار» بگۆڕێت.

نموونەی سێیەم: مەبەستی «دەربڕاوە ناڕاستەوخۆکان» بڕیار لەسەر هێز و دەسەڵاتی تاك ئەیەن، مەبەستەکانیش بە پێی پێگە و پلەوپایەی ئاخێوەر ئەگۆڕێت، بە وێنە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆی وەك (نامەوێت کاتت بگرم، تۆش کاری ترت هەیە)، دیار نییە، کە هێز یان بێهێزی تاك ئەگەیەنێت، مەگەر بە گەڕانەوە بۆ دەورووبەری نازمانی و پێگەی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە، ئەگەر (بۆ نموونە) ئاخێوەر بەڕێوەبەرێك بێت و وەرگر کارمەندێك بێت، ئەوا هێزی ئاخێوەر پیشان ئەیات، کە ئەیەوێت بە تەنها جێی بهێڵێت و لە ژوورەکەی بڕواتە دەرەوە، بەڵام ئەگەر دەربڕینەکە هی کارمەندەکە بێت، ئەوا مەبەستەکە پیشاندانی ڕێزە، هاوکات پۆزشهێنانەوە و دان نانە بەوەی، کە کاتی بەڕێوەبەرەکەی گرتووە و نایەوێت زیاتر لە کاتی بگرێت، بێگومان ئەمەش ستراتیژی زمانی بێهێز ئەگەیەنێت.

## ئەنجامەکان:

دەرئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا پوخت ئەکەینەوە:

پێوەر و بنەمای لێکجیاکردنەوەی زمانی بەهێز و زمانی بێهێز سەرەتا لە ڕەهەندی «توخم»ەوە سەرچاوەی گرت، هەرچەندە زۆرێك لە توێژینەوەکانی دواتر پەیوەندیی نێوان (زمانی بەهێز/بێهێز و توخم)یان ڕەتکردەوە، کەچی تاکو ئێستاش لە هەندێك زمان دا (کوردیی بە نموونە) ستراتیژە زمانییەکانی زمانی ژنان و زمانی بێهێز تێکەڵ بە یەکتر ئەکرێن.

ئەو ستراتیژە زمانییانەی، کە وەك پێوەری ناسینەوەی زمانی بەهێز/بێهێز لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، بە گشتیی بریتین لە (پەرژین، فۆرمی بەڕێزانە، فۆرمی پرسیاری (کلکەپرسیار، پرسیاری ڕەوانبێژیی)، دوودڵیی، چرکەرەوەکان، ...). لە بواری گفتوگۆ و کارلێکیشدا پێنج ستراتیژی سەرەکیی پێشنیازکراون، کە بریتین لە: (١) ناڕاستەوخۆدەربڕین (٢) قسەپێبڕین (٣) بێدەنگی (٤) وروژاندن و کردنەوەی بابەت (٥) ململانێی زارەکیی.

هیچ یەك لەو ستراتیژە زمانییانە بەبێ گەڕانەوە بۆ کلتوور و دەورووبەری نازمانیی و دۆخی بەشداربووانی ئاخاوتن، ناتوانێت وەك پێوەرێکی جیاکەرەوە ئەنجامی زانستیی بەدەستەوە بات، بە واتایەکی تر ستراتیژەکان جێگیر نین و ئەکرێت بە پێی کلتوور و دۆخی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان، جارێك وەك سیمای زمانی بەهێز و جارێك بە پێچەوانەوە ڕۆڵ بگێڕن.

پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی و ژینگە و دەوروبەری زمانیی و نازمانیی بڕیار لەسەر بەهێزیی/ بێهێزی شێوازی ئاخاوتنی تاکەکان ئەیەن.

## سەرچاوەکان:

### ا) سەرچاوە کوردییەکان:

ئیبراهیم، شیلان رەحیم، ٢٠٠٤، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیی دا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

حاجی فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠١١، تابۆ وەك نموونەیەكی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتوور، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

جعفر، نیگار ستار، ٢٠٢٣، پەرژینی زمانیی و خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی (دەقی رامیاریی بە نموونە)، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

کریم، ئاسۆ عبدالرحمن، ٢٠١٩، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەم دا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

کەریم، رزگار ئیسماعیل، ٢٠١٧، باڵادەستیی لە زمان دا لە روانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، ماستەرنامە، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

محەمەد، پێشکەوت مەجید، ٢٠١٣، رەگەز لە روانگەی زانستیی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، ماستەرنامە، سکۆلی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

### ب) سەرچاوە عەرەبییەکان:

محمود، منال طلعت، ٢٠٠٢، مدخل إلى علم الإتصال، جامعة الاسكندرية، مصر.

هدسون، ت: محمود عياد، ١٩٩٠، علم اللغة الإجتماعية، طبعة الثانية، عالم الكتب، القاهرة.

### پ) سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Al Abdely, Ammar Abdul-Wahab, 2016, Power and Solidarity in Social Interactions: A Review of Universiti Putra Malaysia ,48-Selected Studies, Journal of Language and Communication, 3(1), 37 .Press

Azizah, Dinda Noor, 2021, Hedges Function in Masculine and Feminine Feature's Language: A .69-Pragmatics Analysis, Journal of Pragmatics Research, Vol. 03, No. 01 (2021), pp.59

Boonsuk, Yusop et al, 2019, Position of Hesitation Markers in Everyday, Informal Conversation in .140-English, ABAC Journal Vol.39 No.3 (July-September, 2019 pp 129

Bradac, James & Mulac, Anthony, 1984, A Molecular View of Powerful and Powerless Speech Styles: Attributional Consequences of Specific Language Features and Communicator Intentions, .COMMUNICATION MONOGRAPHS, Volume 51, December 1984

Castro, Esteban Brea, 2018, Hedging in Academic Texts: a Cross-Linguistic Comparison between

.English and Galician, Facultade De Filoloxía, UNIVERSIDADE DA CORUNA

Danescu-N.-M. Cristian et al, 2012, Echoes of Power: Language Effects and Power Differences in Social Interaction, the International World Wide Web Conference Committee (IW3C2), Lyon, .France

.Hudson, R., A. (1996), Sociolinguistic, 2ed, Cambridge, University Press

Isomura, Kazuhito, 2021, Management Theory by Chester Barnard, published by the registered .company Springer Nature Singapore Pte Ltd

Joullié, J.-E. et al, 2021, The language of power and authority in leadership, The Leadership Quarterly .32, 101491

Krauss, Robert M. & Chiu, Chi-Yue, 1998, Language and Social Behavior, In D. T. Gilbert, S. T. .Fiske, & G. Lindzey (Eds.), The handbook of social psychology (pp. 41–88). McGraw-Hill

Kristiansen and Dirven, 2008, Cognitive Sociolinguistics, Language Variation, Cultural Models, .Social Systems, Mouton de Gruyter, Berlin-New York

Liebrecht, Christine et al, 2018, The Relative Power of Negativity: The Influence of Language Intensity on Perceived Strength, Journal of Language and Social Psychology 2019, Vol. 38(2) 170– .193

Mohamad, Munthir Manhal and Sahib, Raniah Shakir, 2014, Hedges in Male and Female Language, College of Languages, University of ,21-Journal of College of Languages, issue (30), Pages 1 .Baghdad, Baghdad - Iraq

Nim, Anisa Zakia, 2018, Pragmatic Study on Hedging as Politeness Strategy in Online Newspaper, .Letters and Humanities Faculty, State Islamic University Syarif Hidayatullah, Jakarta

Preiss, Raymond W. & Allen, Mike, 1998, Persuasion: Advances Through Meta-Analysis (The .Hampton Press Communication Series), Hampton Press Ink., printed in USA

rad, Shadi Khojasteh & Abdullah, Ain Nadzimah, 2012, Effect of Context on Types of Hesitation Strategies Used by Iranian EFL .Learners in L2 Oral Language Tests, English Language Teaching, Vol. 5, No. 7; July 2012

Salman, Isa Atallah, 2019, A Pragmatic Analysis of the Use of Intensifiers in Charles Dickens' College of Languages, ,106-Hard Times, Journal of the College of Languages, No (40), Pages 89 .University of Baghdad, Baghdad - Iraq

Schulze, Rainer and Pishwa, Hanna, 2015, The Exercise of Power in Communication Devices, .Reception and Reaction, First published by PALGRAVE MACMILLAN, New York

Susanti, Y. E. & Indarti, Yulia, 2016, Reflecting Power and Solidarity throughthe Relativity of

.Linguistic Strategies in Divergent Movie, Anglicist, Volume 05, No 02

Tannen, Deborah, 1993, The Relativity of Linguistic Strategies: Rethinking Power and Solidarity in Gender and Dominance." Gender and Conversational Interaction, New York Oxford, Oxford .University Press

Wang, Yibei, 2021, A Study on the Use of Hesitation Markers in Varied-Level EFL Learners' L2 .840-Speaking Process, Open Journal of Modern Linguistics, 2021, 11, 823

## ملخص البحث

هذا البحث الموسوم بـ(اللغة القوية واللغة الضعيفة من وجهة نظر علم اللغة الإجتماعي)، يعمل على إبراز وشرح المعايير اللغوية وغير اللغوية لإسلوب المحادثة القوية والمحادثة الضعيفة، لغرض إيجاد منهج وطريقة نظرية وعملية مناسبة للبحث في علم اللغة الإجتماعي في اللغة الكوردية.

وتمكن أهمية البحث في كونه: (أ) يوضح كيفية التمييز بين الإسلوب القوي والإسلوب الضعيف، والذين مرطبتان بمفهومي لغة القوة: (الجنس، العمر، المكانة الإجتماعية)، وقوة اللغة (وتشمل جميع قدرات ومعارف الفرد المساعدة على صياغة التعابير بصورة مؤثرة ولافتة للإنتباه). (ب) بحسب علم الباحث ولحد هذا التأريخ لم يتطرق أحد إلى تطبيق هذا المنهج في اللغة الكوردية للتمييز بين الإسلوب القوي والإسلوب الضعيف. ويتألف البحث من محورين اثنين، خصص الأول لتعريف مفهوم سلطة الفرد في اللغة، ويتناول في الوقت نفسه المصادر التي يستمد منها تلك السلطة والقوة وتأثيرها في إقناع الملتقي.

وفي المحور الثانى بحث في تلك الإستراتيجيات التي استندت إليها جميع البحوث في اللغة الكوردية، هذه الإستراتيجيات تظهر كمعيار لتمييز ومعرفة الأساليب والطرق القوية والضعيفة من ناحية، ومن ناحية أخرى أثبتنا أن هذه الأستراتيجيات لا يمكن الإستناد إليها لوحدها في أن تكون معيارا للتمييز، وإنما ينبغي أن يضاف إليها عامل البئة، والسياق، والجنس، والعمر، والمكانة الإجتماعية للمتكلم والملتقي كذلك.

وفي الختام عرضنا النتائج التي توصل إليها البحث، ثم قائمة المصادر، وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.

## Abstract

This study entitled "Powerful and Powerless Language from a Sociolinguistics Perspective" aims to identify linguistic and non-linguistic criteria of powerful and powerless speech styles and to find methods of a suitable theoretical and practical framework for sociolinguistics research in Kurdish.

The importance of the study is that: (a) it explains how to distinguish between strong and weak styles, which are related to both the concepts of "power language" (element, age, social status) and "language of power" (It covers all abilities of an individual in drafting and organizing expressions effectively and attractively), (b) According to the researcher's knowledge, this method has not been implemented in Kurdish to distinguish between powerful and powerless styles of language.
The research consists of two parts. The first part is devoted to introducing the concept of individual power in language, also the source of this power and its impact on persuading recipients is intensively discussed. The second part examines the linguistic strategies that are the main tools of contemporary research, on the one hand, these strategies appear as criteria for distinguishing and identifying strong and weak styles of language (all Kurdish language researchers rely on them). The study has also proved that these strategies alone cannot succeed criteria, unless the dimensions of environment, element, age and social status of speaker and recipient are taken into account.
Finally, the results of the study, list of references, and summary of the study are presented in both Arabic and English abstracts.

**Keywords: Powerful linguistic style, Powerless linguistic style, power, solidarity, linguistic strategy, persuasion**